عیرفانی

ناوەندی ڕەها



# عاشقانه دێم

زامدار قادری

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

# عاشقانه دێم



Scanned with CamScanner

# ناوەندی ڕەها

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

هەولێر، بازاڕی ڕۆشنبیری، تەنیشت پارێزگا

+964 750 406 6674

Nawandi Raha ناوەندی ڕەها



ناوەندی ڕەها

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە


Scanned with CamScanner

# عاشقانە دێم

نووسینی

زامدار قادری

چاپی دووەم

٢٠٢١

Scanned with CamScanner

ناوەندی ڕەها
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

ژمارەی بڵاوکراوە: ٧

ناوی کتێب: **عاشقانە دێم**

نووسینی: **زامدار قادری**

دیزاینی بەرگ: **ئیبراهیم ساڵح**

دیزاینی ناوەوە: **ئەیاد نادر**

ساڵی چاپ: **چاپی دووەم ٢٠٢١**

تیراژ: **١٠٠٠ دانە**

لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی **٧٦٩** ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە.

Scanned with CamScanner




Description

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

Queen city
شاری شاژن
شارێک تایبەت بە کۆمەڵگایەکی جوان

لەلایەن ئاڤان بەهجەت کراوە بە pdf
بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

بۆ ڕاوبۆچون و پسیار بۆ کتێب مەینێرە↓
@tanyahaji22

ئەکاونت↓
https://linktr.ee/tanyahaji22

# پێشکەشە

وەکو دەڵێن: لووتکەی عیشق "وەفایە"

لە ڕوانگەی وەفاوە، ئەم کتێبە پێشکەش بێ بە:

•(حاجی موستەفا خدر) کە سۆزێکی باپیرانەی وەهای خستبووە دڵم، منداڵییم بە هەبوونی گەورەیەکی وەکو ئەو بە شانازی دەزانم، بگرە حەزم دەکرد کاتێ گەورەبم وەکو ئەو بم.

•(عەتیە تۆفیق هەینی)ی خاڵۆژنم، هەموو بۆنێکی ئەوین و میهرەبانی لێ دەهات، سۆزی یەك دایکم لە چاوەکانی هەست پێ دەکرد.



Scanned with CamScanner

*(ڕامان فەیسەڵ ڕەشید) برایەکی وەها، ئازارێکی وەها، لە منداڵییەوە خەم بە نەبوونی دەخۆم، وەکو کەسەرێك تا ئەمڕۆش لەسەر دڵم هەستی پێ دەکەم.

*(مام واحید عوسمان)، ئەو کەسەی ڕۆژانێکی زۆر هاوسەفەری مزگەوت بووین و، ڕۆژانێك بەدەم ڕۆیشتنە مزگەوت قاقای پێکەنینمان دەچوویە ئاسمان.

*(مەهدی جاف)، ئەو لاوەی لە یەك کۆڕی زیکر بەدەم ویردی عاریفانەوە حاڵی دەهاتێ، لەکاتێ زاریشی دەکردەوە نوکتە و قسە پڕ لە پێکەنینەکانی هەمووانی مەست دەکرد، وەلێ حەیف نەخۆشی زوو لێی بردم.



Scanned with CamScanner

# پێشەکی

مەئـوای سـالیکان، مەدیـنەی عاشـقان، مەنزڵگـای سـاڵیحان، هەیـوانی دۆسـت، هەمـووی یەك شـتن، ئەویش هەواری حەزرەتی دلبەرە.

لە کوێ دەست پێبکەم و لە کوێ دەستکەمە قسـان؟!
ئەوە هەر جەنابی حەق تەعالا خۆی دەزانـێ، ئەورۆکە گوتـار و وتـاری بەپێـز و ڕێکخـراو و جـوانی زۆر پەیدابوونە. داخەکەم، ئەمن لەوانە نییم شـتی بـاق و بریق و وەها بنووسم ڕوحان ئـاو بـدا و دڵان بێنێـتە سەما.

ئەوەی دەیزانم هەر ئەوەندەیە:

مەعشـوق بەو چـوار پیتەی(عیشـق) دونیـای وێـك هینـاوەتەوە، چەنـدانی پـڕ لە شـەوق کـردووە و، چەندانیشی بەرەو خمخانەی غەمان هەڵناوە، ڕێی بـۆ



Scanned with CamScanner

سەدان سەوداسەر خۆش کردووە کونجی مەیخانێ بگرن.

ماڵی مەعشوقی ڕاستی تەنێ عیشقی خاڵسیان دەوێ ، عاشقان ئەگەر ڕۆحیش لەسەر زیارەتێکی مەعشوق دابنێن و بە غولامیش قەبوڵ بکرێن، هەر خۆیان بە خەڵاتکراو و خاوەنی تاجی خوسرەو و جەمشید دەزانن، نابینی حەزرەتی "سافی هیرانی" دەفەرمووێ:

گەر غوڵامیم پێ کەڕەم کا پادشاهیم کەی دەوێ!؟

جێم لەبەر دەرگانە بێ ڕوتبە و نیشانم بۆ چییە؟

عاشقان بە خزمەتکاریش قەبوڵیانە، بە شەرتێ مەعشووق پێی ڕازی بێت، بگرە لەوەش خراتریان قەبوڵە. عاشق، سەر و ماڵ و دڵ و دینی لەسەر دەستە چ باکی بە خزمەت و ڕوح دانە! عاشقان چاوەڕێی پاداشتی حەزرەتی دۆست نین چونکە لە



Scanned with CamScanner

دەوڵەتی عیشقدا شتێك نییە بە ناوی وەرگرتن ئەوەی هەیە و دەبێ باس بکرێ بەخشین و دانە.

بەڵێ..سەراپای مەملەکەتی عاریفان پاکی و پوختی و بێ خەوشییە، ئەوان ڕازی ئەو وجوودە بە عیشـق و ئەوین دەبەستنەوە و قەبوڵیان نییە ڕق لە مەملەکەتی ئەوان بـوونی هەبێــت، ئەوەتـا ســوڵتانی عاشــقان مەولانای ڕۆمی دەفەرمووێ: ((لە تەریقەتی ئێمەدا ڕق لە دڵ گرتن کوفرە)).

دونیای عیشق هێندە فراوانە کوفر و مـادە و شـکڵ و غەرەزی تێدا نییە، ئەوانەی سەر بە عیشق بن هەموو شکڵێکی عیشـقییان خـۆش دەوێ و پێیـان قەبـوڵە، ئەوەتا عاشقی سەرخۆش هێندە لە عیشقی مەجازیـدا قوڵ دەبێتەوە تـاوەکو بە عیشـقی حەقیقـی دەگـات، مەلای جزیری یەکـێ بـووە لەو گەورە عاریفـانەی لە عیشقی (سـەلما) بەرەو ئاسـمانی مەحەبەت عروجـی کرد و، ئاە و گریـانێکی لەو ئیقلیمـی عیشـق نـاییەوە



Scanned with CamScanner

پایانی نەبێ. ئیبن عەرەبی دەفەرمووێ: (هیچ کەسێ ناگاتە عیشقی حەقیقی، تاوەکو بە عیشقی دونیایی تێنەپەڕێ). هەر لەم بارەیەوە ڕۆمی دەفەرمووێ:(( هەر سۆفییەك عاشق نەبێ گایەکی مێژەر بەسەرە)). ئاخەر کەسێك تێکەڵی سروشتێکی پاك و ڕۆحی مەعنا نەبێ کوا ژیاوە؟ نازانم ئەوانەی عاشق نیین خەریکی چیین و بۆچی دەژیین؟

کەچی زۆرجاریش ئەو عیشقە قوڕ بەسەری خاوەنەکەی دەکات، ئەگەرچی لە ئەوپەڕی مەکان و زانستدا بێت، ئەوەتا شێخی سەنعان لەگەڵ ئەو هەموو زانست و پلە عیرفانییەی هەیبوو، بۆ کچێکی گاور زوننارى لە پشتێ بەست و پشتی لە کەعبە کرد و ڕووی دایە کلێسا! ئەگەر هیممەتی مەعنەوی شێخی گەیلانی نەبوایە بە کافری سەری دەنایەوە.

عیشق هەرگیز پێناسە ناکرێت، ئەگەرچی بەقەدەر پانایی گۆی زەوی شتی لەسەر نووسراوە، لەوانەیە



Scanned with CamScanner

تاکە شت بێت هێندە مرۆڤ بۆی عەودالّ بووە، بەڵام نەگەیشتۆتە یەك پێناسەی تەواو و کۆك و بێ کەموکوڕی.

عیشق، یەك نیشانەی زۆر زەقی هەیە بۆ ناسینەوە، ئەویش ئەوەیە: هەر کات مرۆڤ عاشق دەبێت، ئەو عیشقە دونیای بۆ جوانتر دەکات، ژیانی بۆ جوانتر دەکات، ڕۆح ناسك دەبێ و دەبزوێ.

عیشق وەکو قیبلەی دڵ دادەنرێ، بۆیە کاتێ بە پاساوی هەوەس و غەریزە و حەز و ویست، عیشقت نیشان بدەن، هەڵنەخەڵەتێی، چونکە عیشق پاك و ئاسمانییە، لێ هەوەس پیس و کاتی و جەهەنەمییە. زۆر کەس ئەمڕۆ لافی عاشقی لێدەدەن بەڵام بۆ سەربەخت کردن ژمارەکە دادەبەزێ.

زامدار قادری

٢٠١٩-٧-٢٨

# پێش چوونە ژوور

زۆرن ئەوانەی نووسین و دێڕەکانیان بە ناوی (عیشق) دەڕازێننەوە، وەلێ کاتێ دەیانخوێنینەوە، دەبینین مەبەستیان لێی ئەوینێکی بەرژوەندخوازە و، بۆ ڕەگەزی بەرانبەر نووسراوە.

لە دنیای مەعنەویدا، عیشق هەستێکی ڕەهای لەززەتبەخشە. تێکەڵبوونە لەگەڵ ڕۆح. پەیوەندی دوو فەزایە. قوڵبوونەوەیە بەنێو ناخ. دۆزینەوەی حەقیقەتی ڕەهایە. بەرزبوونەوەی باڵایی خودە. شەرەفمەندبوونە بە دیداری دۆست.

عیشق، هەوڵدانێکە بۆ گەیشتن بە دڵنیایی چالاك. یەکبوونە لەگەڵ پەروەرێنی مەزن، بۆیە لافی عاشق بوون کەسێك لێیدەدا، ڕیبواری ڕێگای ئەوین بێت، نەوەك برسییەکی تێرنەبوو!

تەی کردنـــی ڕێگـــایە بە ڕەزا و زوهـــد و هەژاری و ئارامگری و ئەوین، تا دەگـاتە دوا مەنزڵـی، سـەفا و نەمری.

ڕەبتی عاریفان بە حەزرەتی پەروەردگـار هێنـدە زۆرە، کە بەنەرمی لە سوچێکی خەلوەدا بە نیدایەکی نەرمەوە دەڵـێن: خۆشـمدەوێی! عـاریفی عاشـق، چ بـاکی بە ئاگری دۆزەخ و، خۆشیی و سرووری بەهەشتەوە نییە.

ئەو سالیکە و ئەمری پێکراوە بەندایەتی بکا، ئەویـش دەیکا، سالیکی سینەساف و سۆفی، لەبەر شایستەییی و عیشق، خوداپەرستی دەکا. ئەو خوداپەرستییەی ئەو سەرەڕای بەجێگەیاندنی ئەرکی بەندایەتی چێژبەخش و ئاسودەیشـە، کەسـانی وەهـا ئەوەنـدە بەعەزرەت شەوی تاریکن بۆ موناجـات و ڕازی پەنهـانی هێنـدە عەوداڵی ڕۆژی ڕووناك نیین. دەگێڕنەوە عاریفـانی زوو زۆر کەیفخۆش دەبوون کە زستان دەهات، دەیانگوت: شەوانی زستان درێـژە، تێـر خوداپەرسـتی و دوعـا و

موناجات دەبیین. هێ لە عیشق چ هێزێك دەتـوانێ لە شیرینی خەو خەبەرت کاتەوە و بەرەو سـەر بەڕمـاڵی تەسلیم بونـت ببـا و دەروونـت بە یـادی حەزرەتـی دۆست ئاوەدان بکاتەوە .

شەو کەسێ پرسی لە خۆ دەرخستنی پەروانە شەو

ئەو وتی: ناتێگەیشتوو! تەجرەبەی مەردانە شەو

هەر سیا بەختانی عیشقە مەزهەری نووری هودان

شەو نەبێ ئەستێرە مەستوورن، بە کەم مەڕوانە شەو

(مەحوی)

عاریفان شەو بـۆ خوداپەرسـتی و نـزا هەڵـدەبژێرن، چونکە ئەوینی خۆیان دەشارنەوە. وشەکانیان پـڕن لە ڕەمز و کۆد، هەروەکـو لە ڕووپەڕی کتیبەکانیانـدا ئەوە بە ئاشکرا هەست پێ دەکرێت. بۆ نمـوونە، سـاقی و مەیگێڕ بە پیری تەڕیقەت و شێخی ئیرشاد چوێنراوە. شەڕاب بە نیشانەی ئەوین و موحیبەت دەشوبهێت و،



Scanned with CamScanner

ئەو شەڕابە لە زیکرەکانیان دەیانباتە حاڵەتی مەستی و ڕووی دۆستیان لە ناخدا تەجالا پێ دەکات.

مەینۆش چوێنراوە بە سالیك و دەروێش، بادەنۆشان ئەو دەروێشانەن فەنادەبن لە کۆڕی زیکرەکانیان. تەکیە و خانەقاکانیان هێناوەتە شێوەی مەیخانە و، ئەوێیان بە جێگای بادەنۆشان داناوە.

سالیکانی ڕێ خۆیان بە ڕووکەش سەرقاڵ نەکردووە تەنانەت ماهییەتی عیرفان خۆی لە خۆیدا زانینی ڕاستەوخۆی پەیوەندی قەلبییە، زانینێکی ڕەها و گشتگیر، ڕاستە خودی عیرفان و عیشق زانستێکی تەجروبی گشتگیر نیین، بەڵکو تاقیکردنەوە و تەی کردنی ڕێگایە و مەعنەویاتە، کە لە ڕێگای هەستی شەشەمەوە بەئەنجام دەگات، بەڵام بەهۆی ئەو کاریگەرییەی لەسەر عاشق بەجێی دێڵێ لە هەمو مادیاتێك مەوجودترە و حەوجە بە ئەنگوشتی سەلماندن نییە.



Scanned with CamScanner

زۆرجار پرسیار دەکرێت، ئایا عیرفان زانستە؟

بێگومان ئەو زانستە نییە کە ئێمە ئاشناییین، چونکە زانست پشت بە پێنج هەستەکە دەبەستێت، بەڵام عیرفان پشت بە هەستی دووای ئەو پێنجە دەبەستێت کە پێی دەڵێن (هەستی شەشەم) ئەویش بریتیە: لە قۆناغی بوونەوەی چاوی بەسیرەت و دڵ، هەر کاتێک لەتائیفی ڕوحی کەوتنە ئیش ئیدی ڕوحی عاشق هێندە ئالودەی نان و ئاو نابێ، ئەگەر جاران نانی دەخوارد بۆ ژیان ئێستاکێ نان دەخوا تا بیکاتە نور، ئەو ڕوحە ئولفەت بە ڕوحی ترەوە دەگرێ و جار وایە سەفەری دونیای باڵا دەکا بێ ئەوەی جەستە خەبەری هەبێت.

مورید بۆ ئەو قۆناغە بەرز و باڵایانە پێویستە قۆناغەکانی زانستی تەسەوف پلە بەپلە ببڕێ، چاوساغی عیرفانیش مامۆستایەکی تەواو شارەزای دەوێ (شێخ، ئوستاد، پیر). پیری تەریقەت مەشق

پێکەری خودی سالیك یان موریدانن، مورشیدی کامیل لە ڕێگەی ئەو عیشقەوە موریدانی خۆیان دەلاوێننەوە و فێری سوتان و فڕین و بزاوتییان دەکەن، ئەوەتا حەمدی دەڵێت:

شێخ و دەروێش و مورید و زاهید و پیر و جەوان

گەر بەبێ عیشقت موسڵمانن ئەوا من کافرم

مورشیدانی تەریقەت خۆیان ئەو ڕێگەیان تەی کردووە و دەتوانن موریدێك بکەن بە کەس(انسان الکامل) ئەو مرۆڤەی بتوانی لەسەر پێی ئیمانی خۆی بوەستێ و ئیمانی شهودی بەدەست بێنێ، یەکەمین دەرسی مورید بە خۆشەویستی دەست پێ دەکا، دوا قۆناغیشی فەنایە، فەنا: تێکڵبوونەوەیە بە ڕوحی ئەقدەس، گەڕانەوەیە بۆ ئەو کاتەی هێشتا ئادەم سەرپێچی خودای نەکرد بوو. ئەو سەفەرە سەخت و ناڕەحەتە کەسی خۆی دەوێ و هەر بە قسە خۆشە، سالیکی ئەو ڕێیە شەونخونی و ئێش و ئیشی عیشقی

له ئەستۆیە، جاری وایە لە سێبەری خۆی بێزار دەبێ، وەها سەفەرێك پێویستی بە زاخاو و وردە شیرینییە ئەم کتێبەی بەر دەستت ئەو مشتومالەیە بۆ لابردنی ژەنگی دڵ نوسراوەن هەناسەیەکی ئومێدبەخشە بۆ سالێکان و عاشقان، ئەی ئەوەی دڵێکت هەیە و پێت خۆشە بۆگەن نەبێ و زیندوو بێ، ئازایانە و بەتالوکە باوەشی مەحەبەت و تەسلیم بوونت بکەوە و بەگریانەوە هاوار بکە و بە مەعشوقت بڵێ: عاشقانە دێم .. عاشقانە دێم.



ئەو شەوەی مانگی عاریفان و چرای شەوی مەستان حەزرەتی (ڕابیعەی عەدەوی) لەدایکبوو، لە ماڵەوەیان نە ئاگرێك هەبوو، نە زەیتێك هەبوو بۆ ڕوناکی، نە پارچە پەڕۆکێك هەبوو ئەو منداڵەی پێ مەلۆتکە بکەن. دایکی بە باوکی ڕابیعەی گوت: هەڵسە بڕۆ، لە دەرگای ماڵی فڵان بدە و داوای زەیتیان لێ بکە تاوەکو ئاگرێك بکەینەوە، باوکیشی چونکە پەیمانی

لەگەڵ خۆی کردبوو داوای هیچ لە خەڵك نەکات، چوو لەبەردەم دەرگـای مـاڵەکە وەسـتا و هەرچـی کـرد، نەیتوانی پەیمانەکەی بشکێنێ، گەڕایەوە. گـوتی: ئەو ماڵە دەرگایـان نەکـردەوە. هاوسـەرەکەی دەسـتی بە گریان کرد، باوکی ڕابیعە سەری خستە سەر ڕانەکانی و بۆرژا. بەخزمەت حەزرەتی فەخری کائینات(سەلامی خودای لەسەر بێت) گەیشت، فەرمووی: (دڵگران مەبە بە بوونی ئەو کچەت، بەڵکو ئەو کـچەت لە قیامەتـدا دەبێتە تکاکاری ٧٠ هەزار کەس لە ئوممەتم، بڕۆ لای حاکمی بەسرە و پێـی بلـێ: پێغەمـبەر پێـت دەڵێـت: هەموو شەوێك تۆ هەزار سەڵاواتت لەسەر مـن دەدا، لە ڕۆژانی جومعە چوار هەزارت لێـدەدا، بەڵام دوێنـێ شەو لەبیرت چوو، کەفارەتەکەشی ئەوەیە چوار هەزار درهەم بدەیتە باوکی ڕابیعە).

کـاتێ بەیـانی بـاوکی ڕابـیعە چـووە لای حـاکم و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، حاکم عیسـا لە خۆشـی ئەوەی پێغەمبەر(سەلامی خودای لەسەر بێـت) یـادی ئەوی کردووە و ئاگاداری حـاڵی ئەوە، هەزار درهەمـی کـردە سـەدەقە و چـوار هەزار درهەمیشـی وەکـو

فەرمایشـــتەکەی شـــیرینی دڵان فەرمووبـــووی دایە دەست باوکی ڕابیعە. پاشان پەیمـانی دا کە هەرگیـز شەوان سەڵاوات لەبیر نەکات و لەدیداری بۆنخۆشـی دڵان (سەلامی خودای لەسەر بێت) بدات.

(تذكرة الاولياء: ٩٣)



Scanned with CamScanner



سەعدی شیرازی دەیفەرموو:

گوتبووم ئەگەر بێی،

باسی خەمی دڵمت بۆ دەکەم،

چ بڵێم؟

کاتێ تۆ دێیت، خەمیش لە دڵم دەڕوات.



Scanned with CamScanner



جارێکیان جەنابی (ئەبو فەزڵ یوسفی مەشهور بە ئیبن نەحوی) بە جلێکی سپییەوە دەچێتە نێو قوتابخانەکەی، لەوکاتەدا یەکێك لە قوتابییەکانی بە پەرۆشییەوە بەرەو ڕووی مامۆستاکەی دێت و قەڵەمێك و هەندێك مەرەکەبی لە دەست بوو، دەیویست سەلامی لێ بکات، بەڵام قاچەکانی لەیەك دەئاڵێن و

مەرەکەبەکەی دەکەوێتە سەر جلە سپییەکانی مامۆستا. بەو پەڕی شەرمەزارییەوە نازانێت چی بکات و سەری لەبەر خۆی دەنێت. لەوکاتەدا مامۆستا فەزڵ بە هێمنی دەڵێ: ڕۆڵەکەم خۆم ئەمڕۆ بەتەما بووم ئەو جلە بنێرمە خمخانە و ڕەنگێکی دیکەی بکەن، چونکە جلی سپی لەمن نایەت.

بەو جۆرە ئەو قوتابییەی لە شەرمەزاری ڕزگار کرد و نەیهێشت دڵی بێشێت.

(قصص الأولياء: ٢٣) (التشوف إلي رجال التصوف: ٩٧)



سەعدی شیرازی دەیفەرموو:

ئەی بای سەبا،

سەلامی من بگەیەنە یار و

پێی بڵێ

کە سەعدی تا ئێستاش هەر لەسەر بەڵێن و پەیمانەکەیەتی!



Scanned with CamScanner



سالحی کوڕی جەبەل دەگێڕێتەوە: لە سەردەمی ئێمەدا والییەکی بەڕێز هەبوو، بەناوی (مالیکی کوڕی ئەشرەف)، وەکو هەر دەسەڵاتدارێکی تری ئەو سەردەمە خەریکی خۆشییەکانی دوونیا بوو، بەڵام یەك کار هەبوو هەمیشە ئەنجامی دەدا، ئەویش زۆر ڕێزی



Scanned with CamScanner

له پیاوچاکان و سۆفییان دەگرت. کاتێ ئەو پیاوە وەفاتی فەرموو، لە خەودا بینیم جلێکی سەوزی جوان و دوو باڵی هەبوو، بە بەهەشتدا دەفڕی، گوتم: ئەی مالیك، خۆ تۆ والی و کاربەدەست بووی، هیچی وات نەدەکرد زیاتر بێ لە ئێمە، چۆن ئاوا ئەو پلەو پایەت لە بەهەشت پێدرا؟

گوتی: ئەی ساڵح، ئەو جەستەیەی کە دونیاویست بوو، لەلای ئێوەم جێهێشت لە دونیا، بەڵام ئەو ڕۆح و دڵەی پیاوچاکان و سۆفییانی خۆشدەویست ئێستا لەگەڵ ئەوانە و، لەبەر خۆشەویستییم بۆ ئەوان پەروەردگار جەننەتی پێ عەتا کردم.

(مرآة الزمان: ٧١٦/٨)



سەعدی شیرازی دەیفەرموو:

ئەی بای سەبا

من ڕێگە و کوچەی یار نازانم لە کوێیە،

خۆ تۆ هەر دەڕۆیت،

بە سەلامەت،

سەلامی منیشی پێ بگەیەنە.



Scanned with CamScanner



ئــــاگرێکی گەورە لە شــــاری بەســـڕا بــــوویەوە، حەزرەتی(مالیکی کوڕی دینار) پێڵاو و دارعەسایەکەی دەست دایــێ و لە شــار چــووە دەرەوە، ئینجـا بەرەو بەرزاییەکانی دەرەوەی شار هەڵکشا و لەوێوە سەیری خەڵکی کرد، بینی یەکێ دەسووتا، یەکێ کەلوپەلەکانی کۆدەکردەوە، یەکێ هەڵدەهات، یەکێ موڵك و ماڵی بە

کۆڵییەوە بوو، یەکێ لەبەر زۆری زێڕەکانی نەیدەتوانی بڕوات.

مالیك ڕووی لە کەسێکی ئەوێ کرد، گوتی: ئەوەی زۆری کۆکردبوویەوە، تیاچوو. ئەوەی کەمیشی هەبوو، ڕزگاری بوو.

ئەوەیە حاڵی ڕۆژی قیامەت ڕۆڵەکەم.

( تذكرة الأولياء: ٧٦)



سەعدی شیرازی دەیفەرموو:

ئەگەر لە ئازار و ناخۆشییەکانی خەڵکیدی

بێ خەم بیت،

دەی ناکرێت ناوت بنێین بەنی ئادەم.



Scanned with CamScanner



حەزرەتی (سیڕی سەقەتی) بە موریدەکانی فەرمووە: دەزانن کێ کەوتۆتە ژێر تووڕەیی و غەزەبی حەزرەتی مەولاوە؟

گوتیان: نەخێر قوربان، کێن ئەوانە؟



Scanned with CamScanner

فەرمووی: ئەگەر بینیتان یەکێ لەو سێ سیفەتە لە کەسێکدا هەبوو، بزانن ئەوە کەوتۆتە بەر تیری خەشم و غەزەبی پەروەردگارەوە:

یەکەم/ کەسێك زۆربەی کاتەکانی ژیانی دوورە لە بەندایەتی.

دووەم/ کەسێك گاڵتە بە خەڵکی دەکا و ئەو قسانەیان پێدەڵێت، کە پێیان ناخۆشە.

سێیەم/ کەسێك غەیبەت بکات.

(الحدائق الورديه: ٦٥)



Scanned with CamScanner



سەعدی شیرازی دەیفەرموو:

تۆ نرخی هاودەمی یاران و دۆستان نازانیت،

مەگەر ئەوکاتەی شەوێك وەك من

بە داخ و حەسرەتی عیشقەوە

سەر بنێیتەوە!



مەحمـود چنـار دەگێـڕێتەوە لە بـاوكی، كە لە سـاڵی ١٩١٥ لەگەڵ بەدیعوززەمان سەعیدی نورسـی بـووە، دەڵێت: مامۆستا لەكاتی جەنگـی دژی ڕووسـەكان لە بەرەی قەفقاز قارەمانانە دەجەنگا، وەرزەكەش وەرزی زسـتان بـوو. بەدیعوززەمـان لەسـەر سـەنگەرەكان دەگەڕا، سـەرەڕای گـوللەی چڕوپـڕ، سـەنگەرەكانی



Scanned with CamScanner

بەسەردەکردەوە ، گوللەکان کاریـان لەو نەدەکـرد، لە گیرفانی گوللەکانی دەردەهێنـا کە بەری دەکەوتـن و، فڕێی دەدان و دەیگوت: ئەو گوللانە کار لە موسڵمانی ڕاست ناکەن.

(دواهەمین شایەتەکان:٧)



Scanned with CamScanner



سەعدی شیرازی دەیفەرموو:

دەردی نێو عیشق

لە تەندروستی چەند قات خۆشترە،

نەداری و هەژاری دەروێشی،

لە موڵکی هەموو بوون خۆشترە!



Scanned with CamScanner



نزیکەکانی خەیانەتیان لێکرد، لێیاندا، فڕێیاندایە نێو بیر، درۆیان بۆ هەڵبەست، بە پارەیەکی کەم فرۆشتیان.

دوایی بوختانی پێکرا، زیندانی کرا، دژایەتی کرا، لە کۆتایی بووە عەزیزی میسڕ، ئەوە حەزرەتی (یوسف) بوو. پەروەردگار ئەو ناخۆشییانەی هێنایە پێش، تاوەکو



Scanned with CamScanner

لە دەستبەکاربوونی وەکو عەزیزی میسرڕ سـوودی لـێ وەرگرێت.

بێخەم بە، پەروەردگار هەمیشە باشتری بـۆت دانـاوە، تەنیا ئارام بگرە.



Scanned with CamScanner



سەعدی شیرازی دەیفەرموو:

کۆمەڵی خوازیاری خۆشی دونیان،

کۆمەڵی خۆشی دوارۆژیان دەوێ،

ئێمەش تەنیا نەبێت،

ئارەزوومەندی دیداری تۆین!



Scanned with CamScanner



پیره پیاوێك كە حاڵی (مەجنونی عامری)ی دەزانی، لە مەجنونی پرسی: ئەرێ مەجنون تۆ بۆ لە ئاوەدانی ڕۆشتی و سەحرات كردە گۆشەنشینی خۆت؟ تۆ نازانی خەریكە شێت بیت!

مەجنون وەڵامی پیرەمێردەكەی دایەوە: ئەی مامەپیرە، تۆ بۆ یەخەی منت گرتووە و سەر دەخەیە سەرم، بڕۆ



Scanned with CamScanner

گەردنی لەیلا بگرە و پێی بڵێ بۆ ئەوەندە جوانە. شێتی من ئۆباڵی بە گەردنی جوانی لەیلاوەیە.

(العشق الحقيقي: ٢٢٨)



Scanned with CamScanner



سەعدی شیرازی دەیفەرموو:

ئارەزوو دەکەم

مۆمئاسا

لە بەرانبەر ڕووی تۆدا،

سەراپا بسوتێم.

نە سەر بمێنێت،

نە دەست و پێ!



Scanned with CamScanner



سەیری عیشق لەوەدایە ڕێگاکانی زۆر پێچاوپێچن، تۆ سەیری مەزهەری مەزنێکی چوارشانە دەکەیت، کە بە ڕۆستەمی زاڵ دەچێت، کەچی دوای عاشق بوونی چۆن دەبێتەوە منداڵ و بۆ عیشقێك ئامادەیە گاگۆڵەی بەردەم ماڵی حەزرەتی مەعشوق بکات! یاخود لاسارێکی پڕ لە قین، چۆن دەبێتە زاهیدێکی

گۆشەنشـــین و تەریقەتـــی عاریفـــانی مەولاپەرســـت دەگرێت. کەوایە عیشق وەك چـۆن لەززەت بەخشـــی ئیمانە، ئاواش دەتوانێت ببێتە دەرگای کوفر و شەوقی ئیمان لە دڵ دەربکات، چونکە عیشـــقی ئەمســـەرەیان بەرژەوەندی خوازە.

گوتیانە بایەزیدی بوستامی: پێناســـەی عیشـــقمان بـــۆ بکە؟

گوتی: عیشـــق ئەوەیە، زۆری ئەوینـــی خـــۆت بە کەم بزانیت بەرانبەر ئەو.

کەمی ئەوینی ئەویش بەرانبەر بەخۆت، بە زۆر بزانیت.

(تذکرة الاولیاء: ٥٤١)



Scanned with CamScanner



سەعدی شیرازی دەیفەرموو:

نازنم تۆ چ مرۆڤێکیت!؟

ئەوەندە قسەت شیرینە.

ئێستاش بۆم نەزانرا،

ئایا تۆ بە منداڵی شیرت خواردووە لە مەمکی دایکت، یاخود شەکر!



Scanned with CamScanner



پرسـیاریان لە قـوتبی عاریفـان حەزرەتـی (سـیڕی سەقەتی) کرد: قوربان چ کاتێك مرۆڤ دەزانێت بەرەو خراپە دەڕوات، تـاوەکو بتوانێـت ئیـدی خـۆی چـاك بکاتەوە و ڕێگاکە بگرێتەوە؟

فەرمووی: ڕۆڵەکانم هەر کاتێك مرۆڤ لە دڵی نـاخۆش بـوو، کە قسـەیەکی ڕەددرایەوە و، پێـی وابـوو نـابێ

قسەی ئەو ڕەد بکرێتەوە، ئەوکـاتە بـا بزانێـت بەرەو خراپە چووە و، کاتی تەوبە و پەشیمانییە.

(الحدائق الورديه: ٦٥)



Scanned with CamScanner



سەعدی شیرازی دەیفەرموو:

خۆشی بەو دەرد و نەخۆشیەی توشم دەبێت،
لە کاتێ حەزرەتی یار بێت بۆ سەردان و
هەواڵپرسینم،

منی دەردەدار بۆ دەردێکی ئاوا، هەرگیز
ئارەزووی دەرمان و چارەسەر ناکەم!



Scanned with CamScanner



دەگێڕنەوە حەزرەتی (جەعفەری سادق) ڕۆژێك بانگی موريد و خۆشەويستانی دەكات، پێيـان دەڵێـت: وەرن با گفـت و پەيمـان بـدەين لەگەڵ يەكتـر، ئەگەر لە قيامەت يەكێكمان چووە بەهەشـت، شـەفاعەت بـۆ ئەوانی ديكەمان بكات.



Scanned with CamScanner

گوتیان: حاشا لە مەقـام و ڕوتـبەی تـۆ ئەی مەولای ئـوممەت، تـۆ بـاپیرەت حەزرەتـی فەخرولبەشـەرە، باپیرەت شـەفیعی هەمـوو ئـوممەتە، چ حاجەتـت بە شەفاعەتی ئێمەی گوناهبار نییە!؟

ئیمام جەعفەر دەستی بەگریان کرد و گـوتی: سـوێند بە پەروەردگار بەو هەموو گونـاهەوە شـەرم دەکەم لە قیامەت سەیری ڕووی باپیرەم بکەم.

(تذكرة الأولياء: ٤٢)



Scanned with CamScanner



سەعدی شیرازی دەیفەرموو:

ڕۆژێ گوتت، شەوێك زۆر دڵخۆشت دەکەم و، لەو هەموو خەم و ئازارانە ئازادت دەکەم!

ئەی نەتبینیوە چەندان شەو تێپەڕین،

کەچی تۆ لەو پەیمانەی پێتدا بووم هیچ لەیاد نەما.



Scanned with CamScanner



له عاریفێکیان پرسی: بۆچی نەسیمی سەحەری نوێژی بەیانیان ئەوەندە خۆشە و دڵگیرە؟

عاریفەکە فەرمووی: ئەو نەسیمە بۆیە هێندە پاکە، چونکە هەناسەی دووڕووەکانی تێکەڵ نەبووە. دووڕووەکان نایەن بۆ نوێژ و بێداریش نین بۆ نوێژ کردن.

(همسات النورية: ٢٦٦)



Scanned with CamScanner



سەعدی شیرازی دەیفەرموو:

دەمێك لەگەڵ دۆست بێت لە خەڵوەت،

باشترە لە سەد ساڵی خۆشی لە نێو خەڵكیدا.

من ئازادییم بۆ چیە؟

كە لەگەڵ یوسف لە زیندانددا بم!



کەسێك خەبەری بۆ مەولانا هێنا و پێیگوت: قوربان شەمسم بینی!

مەولانا هەڵستا و گشت جلوبەرگەکانی بەری پێبەخشی.



Scanned with CamScanner

بە مەولانایان گــوت: ئەوە درۆزنە و درۆ دەکــات شەمســی نەدیــووە، بــۆ ئەوەنــدە جلــوبەرگەت پــێ بەخشی؟

مەولانا گوتی: خۆ دەزانم درۆ دەکا، بۆیەش ئەوەندەم لەبەر درۆکەی پێــدا، گەر ڕاســتی گوتبــا گیــانم پێدەبەخشی.

(فیه ما فیه: ١١٧)



Scanned with CamScanner



شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەیفەرموو:

ئەی خەڵکینە هەلەکان بقۆزنەوە و دەرفەتی ژیان لە دەست مەدەن.

خۆتان بۆ قیامەت دەوڵەمەند بکەن.

مادەم دەرگای ژیان تا ئێستا کراوەیە, فریایی بکەون، بەم نزیکانە ژیانتان بەڕوو دا دەخرێت.



Scanned with CamScanner



جارێکیان سوڵتانی تەریقەت حەزرەتی شێخ (حەسەنی بەسڕی) چووە سەردانی قوتبی زەمان و قوتابی خۆی حەزرەتی (حەبیبی عەجەمی) و لەلای میوان بوو. بە ئادابی ئەو زەمانەش حەزرەتی حەبیب هەندێك هەریسە و خوێی ئامادەکرد و ویستی بیهێنێتە پێش مامۆستا و شێخەکەی. لەوکاتە لە دەرگا درا، هەژارێك



Scanned with CamScanner

بوو داوای خێری دەکرد، حەبیب کاتێ زانی هەژارە، قاپە هەریسە و خوێیەکەی پێدا و، هەژارەکە ڕۆشت.

شێخ حەسەن ڕووی لە شێخ حەبیب کرد و گوتی: ئەی حەبیب، دەزانم تۆ عابیدێکی زۆر گەورەیت، بەڵام خۆزگە زانستیشت دەبوو، ئەی نەتزانی خواردن بدرێتە میوان ئەولاترە وەك لە غەیری ئەو، ناشبێ لە پێشی لاببرێت تاوەکو تۆزێکی لێ نەخوا؟

حەبیب بێدەنگبوو. تۆزێکی پێچوو غولامێك هاتە ژوورەوە و، سینیەك خواردنی زۆر بە لەززەتی حەلوا و هەنگوین و نانی گەرم لەسەر بوو، لە بەردەمی دانان. پاشان ٥٠٠ درهەمی دایە دەستی شێخ حەبیب و گوتی: ئەوە دیارییە. شێخ حەبیب لەگەڵ شێخ حەسەندا دەستیان کرد بە خواردن، کاتێ خەریکی نان خواردن بوون، شێخ حەبیب ڕووی کردە حەزرەتی حەسەن و فەرمووی: قوربان دەزانم تۆ شێخی من و زانای بەرزی ئێمەی، بەڵام خۆزگە تۆزێك یەقینی تەواوت هەبووایە بە حەزرەتی حەق.

(تذكرة الأولياء: ٨٤)



Scanned with CamScanner



شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەیفەرموو:

ئەی رۆڵەکەم

ئەوە بزانە،

هاوڕێیەتی کەسانی خراپەکار, دەتخاتە گومانی خراپ بەرامبەر کەسان چاك و باش.



Scanned with CamScanner



مەردێ لە پیـاوە مەردەکـانی تەسـەووف، حەزرەتـی (ئادەمی کوڕی ئەیاس) لەسەرە مەرگدا بوو، بە پارچە قوماشێك داپۆشرابوو. خەریکی قورئـان بـوو تـاوەکو خەتمی کرد. پاشان فەرمووی: یـا ڕەب خـۆ مـن هەر تۆم هەیە، بە حەقی ئەو عیشق و ئەوینەی من بۆ تۆم



Scanned with CamScanner

هەیە، دەبێ لەم کاتی مردنەمدا نەرموونیان بیت لەگەڵم.

من هەموو دەم ئومێدم بە میهرەبانی تۆ هەبووە و، وەفای تۆم هەمیشە لەبەر چاو بووە بۆ ئەو ڕۆژەم. من ئومێدێکی زۆرم بە تۆ هەبوو. ئینجا گوتی: (لا اله الا الله) و گیانی موبارەکی سپارد.

(التاريخ بغداد: ٢٩/٧) (جامع العلوم والحكم: ٤٨٦)



شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەیفەرموو:

لەو کەسانە مەبن  ئامۆژگاری خەڵك دەکەن ,

خۆشیان ئامۆژگاری وەرناگرن،

کاتێکیش شتێکی باش دەبیستن, کاری پێ ناکەن.



Scanned with CamScanner



دەگێڕنەوە لە (عەونی کوڕی جەریر) کە دەیگوت: گوێم لە باوکی خۆم بوو دەیگوت: هەمیشە کاتێ حەزرەتی (سەلەمی کوڕی دینار) میوەیەکی دەبینی، لە دڵەوە تامەزرۆی خواردنی بوو، بەڵام هەرگیز نەیدەخوارد و خۆی لێ بە دوور دەگرت،



Scanned with CamScanner

لەسەرخۆییەوە دەیگوت: ئەی میوەی خۆشتام، پشت بەخودا گەیشتنی من و تۆ با لە بەهەشت بێت.

( صفة الصفوة: ٣٥٥)



Scanned with CamScanner



شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەیفەرموو:

خەلکینە ئاگادرا بن دینتان بە چوار شت زایەع بووە :

یەکەم: کار ناکەن بەوەی دەیزانن.

دووەم: کار دەکەن بەوەی کە نایزانن.

سێیەم: هەوڵ نادەن بۆ فێربوونی شتێك کە پێویستە بیزانن، بەو هۆیەوە بەنەزانی دەمێننەوە.

چوارەم: ڕێگری لە خەڵکی دەکەن بۆ فێربوونی زانستێك، لەکاتێکدا خۆتان نایزانن.



Scanned with CamScanner



چرای ڕۆشنی عاریفـان، مەولای موریـدان حەزرەتـی (ئیبراهیمی کـوڕی ئەدهەم) لەگەڵ چەنـد دۆسـتێکی بەڕێ دەکەون بـۆ سـەفەرێك، دەگەنە شـوێنێك، مزگەوتێکی چۆڵ دەبینن و دەچنە نێویەوە، مزگەوتەکە هیچ دەرگایەکی پێوەنەبـوو، کـاتێ ویسـتیان بـخەون گشتییان خەوتـن، تەنیـا ئیبراهیمـی ئەدهەم نەبێـت

هەڵسا و چووە بەردەم دەرگاکە و لە شوێنی دەرگاکە تاوەکو بەیانی لەوێ وەستا.

بەیانی کاتێ دۆستانی لە خەو هەڵسان بینیان وەستاوە، گوتیان: ئەی ئیبراهیم بۆچی وەستاویت؟

ئیبراهیم گوتی: براینە، شەو ترسم هەبوو لەو سەرمایە، ئێوە سەرماتان بێت، بۆیە هەڵسام و لەجێگای دەرگاکە وەستام.

(التبصره: ٢/٢٠١)



Scanned with CamScanner



شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەیفەرموو:

بە دڵسۆزییەوە کارەکانت ئەنجام بدە،

سەیری ڕووکەشی کارەکانت مەکە.

پەروەردگار تەنیا ئەو کارانە وەردەگرێت,

لەبەر ڕەزامەندی ئەو ئەنجامت داوە , نەوەك لەبەر خەڵکت بووبێت.



Scanned with CamScanner



له یەکێك له گوندەکانی نزیك شاری ڕەی، شێخ (ئەبی حەسەنی ئەنتاکی) نزیکەی ٣٠ کەسی له موریدانی عاشق بە پەروەردگاری لەلابوو، هەندێ کولێرەیان بۆ خواردن لابوو، له کاتێکدا بەو چەند کولێرەیە تێر نەدەبوون، عاشقانی مەردی خودا هەڵسان کولێرەکانیان هەموو پارچە پارچە کرد و لەناو قاپێکیان دانا و چراکەیان کوژاندەوە، بۆ ئەوەی بێ شەرم کردن



Scanned with CamScanner



شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەیفەرموو:

سوربوونت لەسەر دونیا,

لەلای خودا و خەلکیش ئاوڕووت دەبات.

چەند سەیریت تۆ ڕزقی دونیات دەوێت,

ئەگەر بە کەمبوونی ئیمانیشت بێت!



Scanned with CamScanner



سۆفییەکی دڵڕوون و عاشق هەبـوو، چاوەکـانی کـوێر بوون، دەست و قاچی گـۆج بـوون، هەمـوو لاشـەی بەڵەك بـوو، سـەری ڕووتـابۆوە. هەمیشـە دەیگـوت: (حەمد و سـەنا بـۆ ئەو پەروەردگـارەی نیعمەتەکـانی ئەوەندە پێـدام، بەکەسـی دیـکەی نەداوە، هەروەهـا فەزڵ و گەورەیی منی بەسەر خەڵکی داداوە)

جارێك پیاوێك بەلایدا تێپەڕی، گوتی: نیعمەتـی چـی پێ داوی؟ شەل و کوێر و گۆج و کەچەڵ!

سـۆفییەکە گـوتی: وس بە هەشبەسـەر، ئەی ئەوە نـیعمەت نیـیە، زمـانێکی دەم بەزیکـر و، دڵێکـی سوپاسگوزار و، لاشەیەکی ئارامگری پێداوم!

پەروەردگاری پڕ لە ئەوینی من، لەو هەمووە نیعمەتە زۆرتر پێتداوم، سوپاسـگوزار و حەمـدو سـەنای پـێ پایانـت دەکەم، ئەگەرچـی ئەو خەڵـکە نـازانن نیعمەتەکانیان بژمێرن.

(موسوعه قصص السلف: ٢١٧)



Scanned with CamScanner



شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەیفەرموو:

دووڕوو هەرگیز بانگی خەڵك ناكات بۆ لای خودا, بەڵكو بۆ لای خۆی بانگیان دەكات.

هەمیشە داوای خۆشییەكانی ژیان دەكات و، ئارەزووەی دونیای گەڵێ زۆرە.



Scanned with CamScanner



ئەبو عەلی میمشاد دەڵێت: کۆترێکی نێرینە کەوتبووە داوی خۆشەویستی کۆترێکی مێیە و لەسەر گومەزی ماڵی حەزرەتی سولەیمان (سەلامی خودای لەسەر بێت)، بەڵام هەرچەندی دەیکرد کۆترە مێیەکە ڕووی پێ نەدەدا و وەڵامی داواکەی نەدەدایەوە، بۆیە کۆترە نێرەکە گوتی: تەنیا لوتفی عیشقت ڕوو لەمن بکە،

ئەگەر حەز دەکەی ئەو گـــــومەزەی حەزرەتـــــی سولەیمانت بۆ سەراوبن دەکەم.

گەورەمان سولەیمان کە ئەوەی بیست، بانگی کـۆترە نێرەکەی کرد و گوتی: ئەی کـۆتر ئەو قسـەیەت بـۆ کرد، ئاخر خۆ تۆ ئەو کارەت پێ ناکرێت؟

کۆترەکە گوتی: ئەی مەحبوبی پەروەردگـار (سـەلامی خودای لەسـەر بێـت) عاشـقان کەی لێپرسـینەوەیان لەسەر قسەکانیان لێ کراوە؟

حەزرەتی سولەیمان فەرمووی: ڕاست دەکەیت.

( الرسالة القشيرية: ٥٥٠)



Scanned with CamScanner



شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەیفەرموو:

هەر کەسێك دەرگای خودای لە دەست دا و،
لە دەرگای ئەوی نەدا، ئەوە لەبەر دەرگای
خەڵك دەکەوێت. هەر کەسێکیش خودای
گەورە ڕەحمی لەگەڵ بکات، ئەوا دەرگای
خەڵکی بە ڕوودا دادەخات.



ئەبوبەکری کوڕی عەیاش گوتی: لە تافی لاویدا، پیاوێك ئامۆژگارییەکی کردم، گوتی: ئەی پیاو، هەتاوەکو لە دونیا توانات هەیە، هەوڵ بدە خۆت لە کۆیلەیی بوونی قیامەت ڕزگار بکەیت، چونکە کۆیلەیی قیامەت هەرگیز ڕزگار بوونی بۆ نییە و شەرمەزار دەبیت. ئەبوبەکر گوتی: سوێند بەوەی گیانی



Scanned with CamScanner

هەموومانی بەدەستە، فەرمایشتەکانی ئەو پیاوە بەڕێزە هەتاوەکو ئێستاش لەبیرم نەکردوە و لەیادم ناچن.

(جامع العلوم و الحکم: ٥٦٣)



Scanned with CamScanner




Description

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

Queen city
شاری شاژن
شارێک تایبەت بە کۆمەڵگایەکی جوان

لەلایەن ئاڤان بەهجەت کراوە بە pdf
بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

بۆ ڕاوبۆچون و پسیار بۆ کتێب مەینێرە↓
@tanyahaji22

ئەکاونت↓
https://linktr.ee/tanyahaji22



شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەیفەرموو:

ماڵ ویران! قورئان لەبەر دەکەیت و کاری پێ ناکەیت، فەرموودەی حەزرەتی خۆشەویست(سەلامی خودای لەسەر بێت) لەبەر دەکەیت و, کاری پی ناکەیت. بەڕاستی تۆ ماڵت وێرانە تێ ناگەم ئەی بۆ چ شتیک لەبەرت کردوون؟ بۆچی وا دەکەیت؟



Scanned with CamScanner



جارێك یەكێ لە شێخە بەرزەكانی عیرفان بە یەكێـك لە كۆڵانەكاندا تێپەڕی، لەوكـاتە سـەگێكی گڵاویـش بەلایدا تێپەڕی، شێخ هیچ خۆی تێك نەدا و، جلەكانی كۆنەكردەوە بۆ ئەوەی پیس نەبێت. یەكێ لە موریدان گوتی: قوربان، لەبەرچی خۆت لەو سەگە نەپاراسـت، نە بادا جلەكانی گڵاو كردبایت؟

شێخ فەرمووی: ڕۆڵەی خۆم، ڕەنگە ئەو سەگە لە ڕووکەشدا پیس بێت، بەڵام من لە ناخیدا بەو شێوەیە نایبینم، هەموو شتێك کە ئاشکرا دیارە، ناوەخنێکی خۆی هەیە. ئەوە بزانە ئەوەی ئەو سەگە لە ڕووکەشدا دیارە کە گڵاوە، ناخی من هەمان گڵاوی تێدایە، جا چۆن لەبەری ڕابکەم!

ئەگەرچی پیسییەکانی ناخت کەمیش بن، بەڵام ئەو پیسییە لە سەد گڵاوی ڕووکەشی خراپترە.

(منطق الطیر: ٢٢٨)



Scanned with CamScanner



حافزی شیرازی دەیفەرموو:

من ئەو دەمەی لەسەر کانی ئەوینت، دەست نوێژی عیشقم شوشت،

لە هەمـوو بـوون و نەبـوونێکی ئەم جیهـانە دەستم شوشتەوە.



Scanned with CamScanner



پیاوێك هاتە لای خەباتگێڕی سەرکردە (قوتەیبەی کوڕی موسلیمی باهیلی) و سەلامی کرد و چەند کارێکی هەبوو، ڕووی لە قوتەیبە کرد و دەستی بە قسەکردن کرد. ئاگادار نەبوو نوکی شمشێرەکەی لە پەنجەی پێی قوتەیبە چەقی بوو، خەریکی قسەکردن



Scanned with CamScanner

بوو، لەولاوەش خوێن لە پەنجەی قوتەیبە دەچۆڕا ، کاتێ لە قسەکانی تەواو بوو، بانگی خزمەتکارێکی کرد و پارچەیەك قوماشی داوا کرد و خوێنەکەی پاك کردەوە.

خزمەتکارەکەی گوتی: قوربان، ڕەحمەتت لێ بێ، بۆچی نەتگوت شمشێرەکەی لاببات، خۆ خوێنی لێ دەچۆڕا.

قوتەیبە فەرمووی: ئاخر چۆن قسە بکەم، دەترسام لەبەر خوێنەکە قسەکانی ببڕێت و پێوستییەکەی نەڵێت.

(موسوعه قصص السلف: ١٦٨)



حافزی شیرازی دەیفەرموو:

تا ئەبەد نامری،

ئەو کەسەی

دڵی

بە عیشق زیندووە!



Scanned with CamScanner



مەهدی کوڕی سابق دەگێڕێتەوە: جارێکیان برازایەکی حەزرەتـــی (مــوحەممەدی کــوڕی ســوقە) هــاتە لای موحەممەد و پێویستی بە شتێك هەبوو، داوای لێی کرد پێی بدات. لەوکاتە موحەممەد دەستی بە گریان کرد و فرمێسك بە خوڕ لە چاوەکانی دەباری، برازاکەی پێــی گوت: ئەی مامی بەڕێزم، ســوێند بە پەروەردگــار گەر



Scanned with CamScanner

زانیبام لەبەر ئەو پێویستییەی من دەگرییت، هەرگیز داوام لێ نەدەکردیت.

موحەممەد گریانەکەی وەستاند و گوتی: برازای شیرینم، بەخودا بۆ ئەوە ناگریم، کە داوات لێ کردووم ، بەڵکو بۆ ئەوە دەگریم، پێش ئەوەی پێویستت پێی بێت و داوای بکەیت، بۆچی خۆم پێشکەشم نەکردی و بۆتم نەهێنا، لێگەڕام تاوەکو خۆت هاتی داوای بکەیت، بەڕاستی ئەوە گریاندمی.

(صفة الصفوة: ٥٦٩)



Scanned with CamScanner



حافزی شیرازی دەیفەرموو:

کێشەی خەڵکی ئەوەیە،

هەمیشە سەیری جلە دڕاوەکانی یوسف دەکەن،

کەچی

هیچ کەس

دڵی سووتاوی زولەیخا

نابینێت.



Scanned with CamScanner



ئەبو ئوسامە گوتی: جارێکیان چوومە ماڵی (موحەممەدی کوڕی نەزر)، بە شێوەی ڕووخساری و هەڵسوکەوتی گومانم کرد پێی ناخۆش بێت، کە چوومەتە لای، پێم گوت: ئەی موحەممەد، دەڵێی پێت ناخۆشە کەسێك بێتە لات و، پێت خۆشە بەتەنیا بیت؟

ئەویش بە نەرمییەوە فەرمووی: بەڵێ.



Scanned with CamScanner

گوتم: باشە چۆن بێتاقەت نابیت ئەوەندە بەتەنیا بیت؟

گوتی: ئەبو ئوسامە، چۆن بێتاقەت بم، کە لە خـزمەت یارێکی وەهـا شـیرین بـم، کاتێـك فەرمـوویەتی(من لەگەڵ ئەو کەسـانەی یـادم دەکەن، دانیشـتووم و لەگەڵیانم)

(جامع العلوم و الحكم: ١٠٠)



حافزی شیرازی دەیفەرموو:

لە کۆتاییدا هەر دەڕوات،

ئەوەی

بە پێ هاتووە بۆ لات، نەوەك بە دڵ!



Scanned with CamScanner



ئەبو بیشر دەگێڕێتەوە: حەزرەتی مەولانا (مەنسووری کوڕی موعتەمەر) دراوسێیەکی هەبوو، دوو کچیان هەبوو، عادەتی ئەو خێزانە وابوو لە درەنگانی شەو دەهاتنە سەربان، پاش ماوەیەك لە مردنی حەزرەتی مەنسوور، شەوێك وەکو شەوەکانی تر هاتنە سەربان، لەوکاتە کچێکیان لە دایکی دەپرسێ: دایە، ئەو دینگەیە و کۆڵەگەیەی لەسەر بانی ماڵی مەنسوور

هەبوو، دەزانی بە مردنی مەنسوور ئەویش نەماوە، ئەری چی لێ هاتووە ئەو کۆڵەگەیە؟

دایکیشی دەڵێت: کچی خۆم، ئەوە دینگە و کۆڵەگە نەبوو، بەڵکو ئەوە حەزرەتی مەنسوور خۆی بوو، هەموو شەوەکە دەوەستا و یەک ڕکات نوێژی دەکرد.

(صفة الصفوة: ٥٦٧)



Scanned with CamScanner



حافزی شیرازی دەیفەرموو:

خۆزگەم بەو ڕۆژەی،

لەم مەنزڵ و وێرانەیە دەڕۆم!



Scanned with CamScanner



یەکێ لە سۆفییەکانی بەغدا لە مزگەوت دێتە دەرەوە، لەوکاتە دزێك نەعلەکانی دەدزێت و ڕادەکات، سۆفییەکە بەدوای دەکەوێت و هاوار دەکا: ئەی دز، ئەوە نەعلەکانم پێ بەخشیت، بڵێ: قەبوڵم کرد، دەی بڵێ: قەبوڵم کرد، بەڵام دزەکە زۆر خێرا ڕادەکا و ون



Scanned with CamScanner

دەبێت، دۆستەکانی دێنە لای و دەڵێن: باشە بۆچی هێندە بەدوای ڕات کرد، ئەوە خۆ نەعلەکانی دزیویت!

ئەویش دەفەرمووێت: زۆرم لا ناخۆشە لە ڕۆژی قیامەت، ئەو دزە بهێننەوە بەرانبەرم لەبەر جوتە نەعلێك و، لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەن، نامەوێت بەهۆی منەوە توشی سزا ببێتەوە.

(شمس العارفین: ٢٩١)



Scanned with CamScanner



حافزی شیرازی دەیفەرموو:

قوربانی کەسێك بم،

لەبەر شکۆی مرۆڤ، ژیان پووچ ناکات!

قوربانی ئەو کەسە بم،

لەبەر ئاوەدانکردنەوەی دڵێك، خۆی وێران دەکات!

قوربانی ئەو دڵە بم، هەمیشە بۆ خۆشەویستی لێ دەدات!



Scanned with CamScanner



مەحبوبی پیاوچاکـان و پیـری دەروێشـان حەزرەتـی (عەبـدولقادری گەیلانـی) دەفەرمووێـت: جارێـك لە بیاباندا بووم، تینویەتی و برسیتی زۆری بۆ هێنـام، لە هەمان كـات گەرمـایەكە زۆر بەتـین بـوو، لەو كـاتە نوورێـك بەرەو لام دەهـات، گـوێم لە دەنگێـك بـوو، گوتی: ئەی عەبدولقادر، مـن خـودای تـۆم، لەمـڕۆوە هەموو حەڕامەكانمان بۆ تۆ حەڵاڵ كرد.

منیش گوتم: بێدەنگ بە هەی لەعنەتی. بینیم نوورەکە بوو بە تاریکایی و گوتی: ئەی عەبدولقادر، بەهۆی پەروەردگار و بەهۆی قوەتی زانست و مەعنەوی خۆت ڕزگارت بوو، دەنا حەفتا کەسم لە دەرەجەی ویلایەت توشی گومڕایی کردووە، ئەگەر زانستەکەی خۆت نەبووایە، تۆشم لە خشتە دەبرد.

پرسیاریان لە پیری گەیلانی کرد: چۆن زانیت ئەوە شەیتانە؟

فەرمووی: ڕۆڵە پەروەردگاری مەزن، هەرگیز حەڕامەکان حەڵاڵ ناکات، کە خۆی فەرموویەتی حەڕامە.

(سیره الغوث الأعظم: ٢٧٥)



Scanned with CamScanner



مەولانا دەیفەرموو:

خۆشەویستی لەسەر لاپەڕە نانوسرێت، ڕەنگە بە تێپەڕبووبی زەمان بسڕێتەوە. خۆشەویستی لەسەر بەرد هەڵناکەنری، ڕەنگە ئەو بەردە ڕۆژێك بشکێت. بەڵکو خۆشەویستی لەسەر دڵ دەنەخشێنرێت تاوەکو بۆ هەمیشەیی بمێنێتەوە.



Scanned with CamScanner



عومرانی کوڕی موسلیم دەڵێ: هەمیشە کاتێ لەلای حەزرەتی (سویدی کوڕی غەفلە) باسی خەڵکیان کردبایە و بیانگوتایە، ئەوەندەیان دایە فڵان کەس، یان فڵان کەس بوو گەیشتە ئەو پلەوپایە، یان فڵان کەس ئەو شوێن و پلە و پایەیان پێدا. (لەکاتێ سوید زۆر شایەن تر بوو بەوەی پلە و پۆستی پێ بدەن)

کەچی حەزرەتی سـوید زەردەخەنەیەکـی دەهـاتێ و دەیفەرموو: جا ئێمە چیمان داوە بەو شتانە، مـن نـانە ڕەقەیەك و هەندێ خوێم هەبێ ئیدی بەسمە.

(صفه الصفوه: ٤١٣)



مەولانا دەیفەرموو:

نیشـانەی پیـاوی ئیمانـدارم پێـت گـوت، کـاتێ مەرگ ڕووی تـێ دەکـا، پێکەنـین لەسـەر لێوانیەتی.



به حەزرەتی (مالیکی کوڕی دینار)یان گوت: تۆ زاهیدی بەڕاستی؟

مالیکیش بە شەرمەوە گوتی: وای لە خەڵك کە دەڵێن مالیك دونیا نەویستە، کوا مالیك زاهیدە!؟ لەکاتێك مالیك جوبەیەك و دەستێ پۆشاکی هەیە، بەڵکو دونیا نەویستی وەکو حەزرەتی (عومەری کوڕی

عەبدولعەزیز)ە، هەموو دونیا بەرەو ڕووی هات و چووە پێشوازی، بەڵام ئەو وازی لێ هێنا و پشتی لێ کرد.

(سیر اعلام النبلاء: ١٦/ ١٦٤)



Scanned with CamScanner



مەولانا دەیفەرموو:

ئەوانەی عاشـــقن زۆر کـــزی و بێـــدەنگی هەناســەیان دێــت، تەنیــا پەروەردگــار خــۆی دەزانێت عاشقان چی دەڵێن.



Scanned with CamScanner



پیاوێــك مــاوەیەك هــاوڕییەتی و دۆســتایەتی لەگەڵ حەزرەتــی عاشقدۆســت (ئیبراهیمــی کــوڕی ئەدهەم) کــرد، قەدەری خــودا وەهــا بــوو، دەبــوایە لەیەکتــر جیاببنەوە، بۆیە پیاوەکە هاتە لای و پێی گــوت: ئەگەر هەر کەموکووڕییەکت لە مندا بینی پێم بڵێ تــاوەکو لە داهاتوو چاکی بکەم.



Scanned with CamScanner

ئیبراهیم ڕووی تێکرد و گوتی: ئەی برای شیرینم، ئەوەی نەنگی بێت تاوەکو ئێستا لە تۆمدا نەبینی، چونکە ڕێگای ئێمە پڕە لە موحیبەت و چاوی من هەر بە خۆشەویستییەوە تۆی بینیوە، هەموو شتێکی تۆم لەلا زۆر جوان بووە، بۆیە من بۆ دەستنیشانکردنی کەموکووڕییەکان دەست نادەم، گەر دەتەوێت کەموکووڕییەکانت بزانیت، لە خەڵکانی دیکە بۆ وەڵامەکەی بگەڕێ.

(الرسالة القشيرية: ٥٠٥)



مەولانا دەیفەرموو:

ڕێگای زۆر هەبوون بۆ گەیشتن بە حەزرەتی حەق، من خۆشەویستیم هەڵبژارد, خۆشەویستی دەست لەهەر شتێك بدات پیرۆز و موقەدەسی دەکات...



Scanned with CamScanner



حەزرەتی (ئیبراهیمی نەخەعی) دەیفەرموو: ئێمە پێشتر کاتێ مردوویەکمان دەمرد و، ئامادەی بەخاک سپاردنی دەبووین، یان کاتێ هەواڵی مردنی کەسێکمان دەبیست، چەندین ڕۆژ لە غەم و پەژارە دابووین و، نارەحەت و بێتاقەت گوزەرمان دەکرد، چونکە



Scanned with CamScanner

دڵنیـابووین تـاکە هۆکـار بـۆ یەکلایـی کـردنەوەی بەهەشت و دۆزەخ تەنیا مردنە.

بەڵام ئەو سـەردەمەی ئێسـتا دەبیـنم لەسـەر گۆڕستانەکان و لەکاتی ناشتنی مردووەکانیشـتان، هەر واز لە قسە و باسی دونیا نـاهێنن و، بیـر لەو مـردنە جەرگبڕە ناکەوە!

(صفة الصفوة: ٥٥٤)



مەولانا دەیفەرموو:

ناخۆشی و ئازاری نەفست جەنگێکە هەرگیز کۆتایی نایەت.



Scanned with CamScanner



کۆمەڵێك لە خەڵکـی لەلای پیـاوی مەزن، دێوانەئاسـا حەزرەتی(زەننونی میسری) دانیشـت بـوون، بـاس و خواسی عیشق و موحیبەتیان دەکرد، لەوکاتەدا زننـون بە گاڵتەکردنەوە ڕووی تێکردن و گوتی: بەسـە بەس، بیبڕنەوە و بێدەنگ بن. عیشـق و مـوحیبەت کەسـێك باسی دەکات ئەهلی بێت، نەوەك کەسانێك هەوەس و ئارەزوویان هێشتا لە دڵدایە و خۆشی دونیا لە ڕۆحیان

داکوتراوە، دڵنیا بن هەرگیز نەفسیشتان ئەو باسانەی ئێوە کردتان نایبیستێ و تەنیا لە گوێچکەکان دەچێتە ژوورەوە.

(الرسالة القشيرية: ٥٤٧)



مەولانا دەیفەرموو:

یاری من خۆشەویستی تەنیا پردی نێوان من و تۆیە.



Scanned with CamScanner



حەزرەتی جونەیدی بەغدادی دەفەرمووێ: گوێم لە گوڵی گوڵخانەی ساڵیحان و سۆفیان، حەزرەتی (سیڕی سەقەتی) بوو فەرمووی: دەزانی جونەید حەزناکەم لەسەر جێگاکەم دا بمرم.

گوتم: لەبەرچی قوربان گیان؟



Scanned with CamScanner

فەرمـــووی: ڕۆلە، زۆر لەوە دەترســـم خەڵـــك شـــوێنی گۆڕەكەی من بزانن، ئینجا بەو هەموو گوتاهەی سیڕی كردوویەتی خـــاك بەخـــۆییەوە هەڵینەگـــرێ و بیخـــاتە دەرەوە، ئەوكاتە من حەیام دەچێت و شەرمەزار دەبم.

(صفة الصفوة: ٢٤٥)



Scanned with CamScanner



مەولانا دەیفەرموو:

بـێ خۆشەویســتی، هەمــوو مۆســیقایەك ژاوەژاوە، هەمـوو سـەمایەك شێتییە، هەمـوو پەرستشەکان بارگرانییە.



Scanned with CamScanner



کۆمەڵێك لە خەڵـك زۆر ڕقیـان لە شـاعیر و شـێخی مەزن(ئیبن فارز) دەبوویەوە و، دەیانگوت: شـیعرەکانی گشتی پوچ و بێ کەڵـکە و ڕیـایی تێـدایە. بینیـان لە خەودا: کۆمەڵێك لە خەڵکـی عەزاب دەدران، گوتیـان: ئەوانە کێن؟

گوتیان: ئەوە ئەو کەسانەن کە دژایەتی ئیبن عەرەبی و ئیبن فارزیان دەکرد.

بۆیە بە ئیبن فارزیان گوت: بۆچی لە دیوانەکەت سەنای حەزرەتی خۆشەویست (سەلامی خودای لەسەر بێت) ناکەیت؟

ئیبن فارز بە گریانەوە پارچە شیعرێکی فەرموو، کە دەڵێت:

بینیم هەرچی مەدح و سەنایە بۆ خۆشەویست،

گشتی بە کەموکوورپییە و لایەق بەو نییە.

کاتێک پەروەردگار خۆی سەنای خۆشەویستەکەی دەکات، سەنای ئێمە هیچ چییە لە چاو هی ئەودا.

(الانتصار للأولياء الأخيار: ٤١٨)



Scanned with CamScanner



مەولانا دەیفەرموو:

خۆشەویستی ناتوانی فێری بیت یان وەکو وانە بیخوێنیت، بەڵکو خۆشەویستی وەکو بەخششێك دێت.



Scanned with CamScanner



ئەبو ئەحوەس دەڵێت: پێشەوای عاریفان حەزرەتی (ئیبراهیمی نەخەعی) کەنیزەکێکی زۆر ئیمانداری هەبوو، لە شێوەی خاوەنەکەی حەزرەتی ئیبراهیم دەچوو، ئەو ئافرەتە بەڕێزە هەمیشە کارێکی زۆر موبارەکی کردبوویە پیشە، ئەویش ئەوەبوو هەر ڕۆژێك زۆر گەرما بووایە و، هەتاوەکەی زۆر بەتین بووایە، ئەو ئافرەتە سەنگینە بەڕۆژوو دەبوو.



Scanned with CamScanner

لێیان پرسی: باشی بۆچی تەنیا لەو ڕۆژانەدا بەڕۆژوو دەبیت، کە زۆر گەرمن و مرۆڤ پێیەوە ناڕەحەت دەبێت؟

لە وەڵامدا ئەو ئافرەتە سەنگینە فەرمووی: بەڕۆژوو بوون، ئەگەر لە ڕۆژانی ئاسایی بمەوێت بەدەستی بهێنم زۆر ئاسانە و نرخەکەی هەرزانە، چونکە هەموو کەس دەتوانێت بەڕۆژوو بێت و بیکرێت. بەڵام من بۆیە ئەو ڕۆژانە هەڵدەبژێرم، چونکە دەزانم کڕیارانی عیشقی حەزرەتی مەعبودی تاقانە، ئەوکاتە زۆر کەمن.

(صفة الصفوة: ٢٤٧)



Scanned with CamScanner



مەولانا دەیفەرموو:

گەرچی من لە ئەزەلەوە بە دڵخۆشی و شادی لە دایکبووومە، بەڵام عیشق خەندە و دڵخۆشیەکی جیاوازی فێرکردم.



Scanned with CamScanner



(ئەحمەدی کوڕی حەواری) دەڵێ: بە عـاریفی گەورە حەزرەتی (ئەبـو سـولەیمانی دارانـی)م گـوت: فـڵان کەس لە خۆڕا ناکەوێتە دڵمەوە و خۆشم ناوێت!

ئەبـو سـولەیمان فەرمـووی: ئەی ئەحـمەد هەرچـی دەکەم ئەو کەسە ناکەوێتە دڵی منیشەوە، بەڵام شتێك بزانە ئەی ئەحمەد، ڕەنگە ئێمە کەسێکی خراپ بین و، خۆشەویستیمان بەخۆمان و سەرسامبوونمان بەخۆمان وای لێ کردبین وا بەخراپە ببینین و نەکەوێتە دڵمان،

ڕەنگە ئەو ساڵح بێت و ئێمەش لایەق بەوە نەبین خۆشمان بوێت!

(الرسالة القشيرية: ٥٠٤)



Scanned with CamScanner



مەولانا دەیفەرموو:

ئەوان سەرقاڵی خوێنن، فەنابوونن، بەڵام ئێمە خەریکی بەقابوونین. ئەوان خەریکی لێدانی تەپڵی جەنگن، بەڵام ئێمە خەریکی لێدانی تەپڵی خۆشەویستین.



Scanned with CamScanner



حەزرەتی (ئیبراهیمی خەوواس) دەفەرمووێ: ماوەیەك بێ ئیش بووم، ڕۆژانە دەچوومە سەر ڕووبار بۆ ئەوەی کاتەکانم بەسەر ببەم، کۆمەڵێ لقی دارخورمام لێدەکردنەوە و لەسەر یەکم دەنان و شەددە شەددەم دەکرد، وەکو ئەوەی پێم بڵێن ئەوە بکە، یەکسەر بەدەم ئاوەکەم دادەدا. چەندان ڕۆژ ئەوە حاڵم بوو.



Scanned with CamScanner

ڕۆژێکیان بیرم کردەوە و لە دڵی خۆمدا گوتم: با بچم بزانم ئەو شەددە دارخورمایانە بەرەو کوێ ڕۆشتوونە؟

ئەو ڕۆژە هیچ دارخورمایەکم شەددە نەکرد.و یاغر یاغر بە ڕۆخی ڕووبارەکە شۆڕ بوومەوە، بینیم ئافرەتێکی بەتەمەن لە

ڕۆخی ئاوەکە دانیشتووە و دەگرییێت.

گوتم: دایەگیان، بۆ دەگرییێی؟

گوتی: ڕۆلە، من پێنج منداڵم هەیە، یەتیمن، زۆر زۆر هەژارین، ڕۆژێك هاتمە سەر ڕۆخی ئەو ڕووبارە و، بینیم شەددەیەك پەلکە دارخورما بەستراون بەرەو ڕووم دێت، منیش بردمە بازاڕ و فرۆشتم، ئەو ڕۆژە گشت کەلوپەلەکانی منداڵەکانم کڕی، ئیدی چەند ڕۆژێك بوو، خواردنمان لەسەر ئەو کارە بوو، بەڵام ئەمڕۆ پەلکە دارخورماکان نەهاتوون.

ئیبراهیم دەفەرمووێ: دەستەکانم بەرزکردەوە بۆ ئاسمان و گوتم: پەروەردگاری میهرەبان، من نەمزانی

پێنج منداڵ بەسەر شانی منەوەیە، دەنا زۆرتر پەلکە خورمام بۆ دەناردن. پاشان ڕووم لە ئافرەتەکە کرد و گوتم: دایەگیان، هیچ مەترسە، من ئەو کارەم بۆتان دەکرد. ئیدی لەمەودوا هەر خۆم بۆ چەند ساڵێك خەرجی خۆی و منداڵەکانیم دابین کرد، بە فەزڵی پەروەردگار.

(صفة الصفوة: ٧٤٩)



Scanned with CamScanner



مەولانا دەیفەرموو:

دینی خۆشەویستی لە هەموو دینەکانی دیکە جیاوازترە،



Scanned with CamScanner



حەسەن دەڵێ: کاتێ شۆڕەسواری عیرفـان حەزرەتـی (عەبدوڵلای کوڕی موبارەك) لە شاری کوفە بوو، کتێبی مەناسیکی حەجیانم لەلای خوێندەوە، ئەویـش گـوێی شل کردبوو بۆ فەرمووده شیرینەکان، تاوەکو گەشتینە فەرمـوودەیەك، نووسـەر نووسـیبووی: بۆچـوونی

عەبدوڵای کوڕی موبارەکیش ئاوایە لەسەر ئەو بـابەتە و ئێمەش پێمان باشە.

عەبدوڵڵا گوتی: کێ ئەمەی نووسیوە؟

منیش گوتم: قوربان نووسەرەکە نووسیویەتی.

گوتی: کوا بیهێنە، دەستی کرد بە لابردنی ناوی خـۆی و ئەوەندە دەستی بە شوێنەکەیدا هێنـا خەریـك بـوو بدڕێت، هەر دەیگوت:

ئاخر من کێم؟ عەبدوڵا کێیە؟ تاکو وتەی بنووسرێتەوە!

(صفة الصفوة: ١٢٣١)



Scanned with CamScanner



مەولانا دەیفەرموو:

عاشقەکان یەك ئوممەت و یەك دینن،
ئەویش تەنیا پەروەردگارە.



Scanned with CamScanner



له مەجنونیان پرسی: گەردنی لەیلا ئازاد دەکەی؟

گوتی: نەخێر، هەرگیز.

گوتیان: لەبەر چی؟

مەجنـون گـوتی: ئـاخر دەمەوێ بە بەهـانەی گەردن ئازایی، دووبارە لە قیامەت چاوم بە چـاوی لەیـلاکەم بکەوێتەوە.

(مصباح العشاق: ٢٤٥)



Scanned with CamScanner



مەولانا دەیفەرموو:

من خۆشەویستییم خۆشدەوێ و ئەویش منی خۆشدەوێت، باوەشم بۆ خۆشەویستی کردەوە، ئەویش منی وەکو خۆشەویستێك توند بە باوەشییەوە نوساند.



Scanned with CamScanner



پیاوێکی سەرخۆش هەبوو، گشت کاتەکان سەرخۆش و مەست بوو، لە دارەی دونیا یەك کوڕی هەبوو، ئەوەبوو ئەو پیاوە سەرخۆشە لە شەوێك لە شەوەکان وەفات دەکات، کوڕەکە دەچێتە دەرەوە و خەڵك بانگ دەکات، بەڵام کەس بەدەمیەوە نایەت و هەموو دەڵێن: باوکت سەرخۆشێکی زۆر خراپ بوو، چۆن خۆمان لەگەڵ ئەو جەهەننەمییە ماندوو دەکەین!

کوڕەکە بە غەمباری و شەرمەزارییەوە، تەرمی باوکی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت و دەیباتە بیابان. لەو لاوە پیرەمێردێکی چۆڵنشینی شوان سەیری دەکا ئەو کوڕە چەند بە غەمبارییەوە لاشەیەکی هەڵگرتووە، دەچێتە لای و لێی دەپرسێ: ڕۆڵەکەم، بۆ بەتەنیا ئەو لاشەیەت هەڵگرتووە؟ ئەوە چی تۆیە؟

کوڕەکەش وەڵام دەداتەوە: ئەوە باوکمە.

پیرەمێرد دەڵێ: ئەی باشە بۆچی کەست لەگەڵ نییە؟

کوڕەکە زۆر شەرمەزار دەبێ و بە شەرمەوە دەڵێ: کەسم نییە، تاوەکو لەگەڵم بێت.

پیرەمێرد بە لەسەر خۆییەوە دەست دەنێ بە ڕووخسارییەوە و دەست دەکا بە دوعا کردن، کوڕەکەش نازانێ چی دەڵێت.

کاتێ باوکی ئەسپەردەی خاك دەکات و دەگەڕێتەوە ماڵەوە، لە خەودا دەبینێ باوکی لەنێو باغەکانی بەهەشتدایە و پێدەکەنێت. کوڕەکەی لێی دەپرسێ:



Scanned with CamScanner

باوكە چۆن گەشتییە ئەو شوێنە خۆشـەی بەهەشـت، خۆ تۆ هەمیشە سەرخۆش بوویت؟

باوكی دەڵـێ: ڕۆڵە، بە بەرەكەتـی دوعـای پیرەمێـردە چۆڵنشینەكە خودا جەننەتی خۆی پێدام.

بەیانی كاتێ كوڕەكە لە خەو هەڵدەستێ ، ڕا دەكات و پیرەمێردەكە لە بیابان دەدۆزێتەوە و چیـرۆكەكەی بـۆ باس دەكا، تكای لێ دەكات پێی بڵێ چی گوت؟

پیرەمێردەكە دەڵێ: ڕۆڵەكەم، تەنیا گوتم: پەروەردگـارا من بەندەیەكم لە بەندەكانی تۆ، ئەگەر میوانێكم بێت، ڕێزی زۆر لێ دەگرم.

ئێسـتاش ئەو بەنـدەیە میـوانی تـۆیە و تـۆش بەخشندەترینی بەخشندەكانی ڕێزی لێ بگریت.

(الروضة الجنان: ٤٢٣)



Scanned with CamScanner



مەولانا دەیفەرموو:

ناتوانین خۆشەویستی تەفسیر بکەین، بەڵکو خۆشەویستی خۆی هەموو شتێك تەفیسر دەكات.



Scanned with CamScanner



جارێك حەزرەتی (مەعروفی کەرخی) بۆ دەستنوێژ شوشتن چوویە کەناری ڕووباری دیجلە، قورئانەکەی و بەڕماڵەکەی لە قەراغ ڕووبارەکە دانا، ژنێك هات و هەردووکیانی برد، مەعروف کەوتە دوای و هاواری لێی کرد: خوشکی من، من مەعروفی کەرخیم بەخودا



Scanned with CamScanner

هیچت لەسەر نییە و گەردەنت ئازا دەکەم، بەس پێم بڵێ کوڕێکت هەیە قورئان بخوێنێت؟

ژنەکە گوتی: نەخێر.

مەعروف گوتی: ئەی مێردت هەیە؟

ژنەکە گوتی: نەخێر، نیمە.

مەعروف گوتی: ڕەحمەتت لێ بێت، قورئانەکەم بدەرەوە، لەبری جلوبەرگ و پۆشاکەکەم ببە، ئەو سوودی بۆت زیاترە.

(الرسالة القشيرية: ٤٣٢)



مەولانا دەیفەرموو:

نەفس بە پیاهەڵدان و مەدح کردن دەبێتە فیرعەون.



Scanned with CamScanner



دەگێڕنەوە حەزرەتی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز گونیەیەکی هەبوو، وەکو هەموو سۆفییەکان پۆشاکێکی هەبوو کە لە موو دروست کرابوو لەناو گونیەکەی دانابوو، لەگەڵ زنجیرێك دا.

هەر شەوێك دەچووە ژوورە تایبەتییەکەیەوە، کە بۆ عیبادەت تەرخانی کردبوو، بوخچەکەی دەکردەوە و،

پۆشاکەکەی دەردەهێنا و دەیپۆشی، ئینجا زنجیرەکەی توند لە ملی دەئاڵاند و دەستی بە موناجـات و ئاهــ و نووزەی خۆی دەکـرد لە خزمەتـی بـاری تەعـالا، بە جۆرێك دەگریا کە دەتگوت ئێستا جەرگـی دەپسـێت، ئینجا کە نزیکی بەیانی دەبوویەوە جلەکانی دادەکەنـد و دەیخستەوە ناوی و لە شوێنی خۆی دایدەنان.

(مناقب عمر بن عبد العزيز: ٢٣٥)



Scanned with CamScanner



مەولانا دەیفەرموو:

ئەو خۆشەویستییەی گرنگی بە جوانی ڕوخسار دەدات، هەرگیز خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە نییە.



Scanned with CamScanner



جارێك خەلیفە (موعتەزیدبیلا) نوێنەرێكی خۆی ناردە لای (ئیبراهیمی حەربی) و ١٠ هەزار دەرهەمی لەگەڵدا ڕەوانە كرد وەكو دیاری، بەڵام ئیبراهیم وەرینەگرت. نوێنەرەكە دەگەڕێتەوە لای خەلیفە و پێی ڕادەگەیەنێت، خەلیفە ئەوجار دەڵێ كەوایە بڕۆ بیدەرێ با ئەو بەسەر خەڵكی دابەشی بكات.



Scanned with CamScanner

کاتێ دەگەڕێتەوە لای ئیبراهیم و پێی دەڵێ بەسەر خەڵکی دابەشی بکات، ئیبراهیم ڕووی تێدەکات و دەڵێت: خودا لێت خۆش بێت براکەم، ئەمە ماڵێکە خۆمان بە کۆکردنەوەی خەریك نەکردوە، تاکو ئێستا بێین خۆمان بە دابەشکردنی خەریك بکەین، بڕۆ بە خەلیفە بڵێ ئیبراهیم دەیگوت: ئەگەر وازمان لێ دێنی باشە، دەنا لێرە دەڕۆم و لەو شارە نامێنم.

(صفة الصفوة: ٢/ ٢٦٣)



Scanned with CamScanner



مەولانا دەیفەرموو:

ماڵئاوایی بۆ ئەو عیشقانەیە کە بە چاوەکان
عاشق دەبن، بەڵام ئەوانەی بە ڕۆح و دڵ
عاشق دەبن هەرگیز ماڵئاوایی وجوودی نییە.



Scanned with CamScanner



دەگێڕنەوە هەژارێکی نەخۆش ڕێگای ون کردبوو، گەییە لای گەورە عاریفی زەمانی خۆی حەزرەتی (جەعفەری کوڕی حەنزەلە)، لەبەر جلوبەرگەکەی وای گومان برد کە یەهودی بێت، بۆیە گوتی: ئەگەر ئەمشەو میوانداریم بکەی ، ئەویش فەرمووی لێکرد و لە ڕادەبەدەر خزمەتی کرد، هەژارەکە هەر جار نا



Scanned with CamScanner

جارێك دەیگوت: بەڕاستی باشترین پیاوی ئەم زەمانە دەبووی، بەڵام داخەکەم یەهودیت.

جەعفەر بە نەرمونیانییەوە دەیگوت: مامە گیان، تانە لە بیروباوەڕ و ئایینی من مەدە لەبەر ئەوەی خزمەتێکی باشم نەکردوویت، دوعای شیفا بۆ خۆت و دوعای هیدایەت بۆ منیش بکە. تاوەکو ڕۆیشت ئەو پیاوە نەیزانی کێیە.

(الرسالة القشيرية: ٤٣٥) (حدائق الاحقائق: ١٠٧)



مەولانا دەیفەرموو:

من و بای سەبای هەژار، دوو سەرگەردانی بێ حاسڵین، من لە ئەفسوونی چاوی مەستت، ئەو لە بۆنی تاری گێسووت.



Scanned with CamScanner



حەزرەتی فارۆقی عومەر، مەولای ئوممەت، فاتیحی شام، کاتێ چوویە بەتولمەقدیس دەزانن چۆن بوو؟

لەنێوان خۆی و غولامەکەی لەگەڵی بوو، بە نۆرە سواری وڵاغەکە دەبوون، مەودایەك مابوو بۆ چوونە نێو شار، ئەوکات سرەی غولامەکە بوو بۆ سواربوون، حەزرەتی فارۆق جڵەوی حوشترەکەی بە دەستەوە گرتوو و حوشترەکەی لەدواوەی خۆی ڕادەکێشا،



Scanned with CamScanner

هەندێکی دیکە نزیك بوویەوە گۆمە ئاوێك لەوێ بوو عومەر بە هەموو هێزی خۆی فڕێ دایە ناوی و هەموو گیانی بوو بە قوڕ و لیتە و، نەعلەکانی هەردووك لە دەست گرت و پاشان خستیە بن باڵی، ئینجا بە پێی پەتی بەرەو بەیتولمەقدیس بەڕێکەوت، ئەبوعوبەیدەی والی شام ڕۆیشتە پێشوازی و گوتی: بە قوربانت بم ئەمیری ئیمانداران، گەورەکانی شام هاتوونەتە پێشوازی تۆ، بەو جۆرە پۆشاکەوە لام جوان نیيە بەو جۆرە بتبینن، فاڕوقی عومەر ڕووی لێ وەرچەرخاند و گوتی: ئەبو عوبەیدە، خودا ئێمەی بە ئیسلامەوە بە عززەت کرد، قسە و قسەلۆکی خەڵك لەلام هیچ گرنگ نین.

(تنبيه الغافلين: ١٤١)



Scanned with CamScanner



مەولانا دەیفەرموو:

ئەی دۆست شەکر خۆشترە یان ئەوەی شەکر دروست دەکات. ئەی دۆست مانگ جوانترە یان ئەوەی مانگ دروست دەکات.



Scanned with CamScanner



دەگێڕنەوە پیاوێك لە وەرزی حەج لە شـاری پیـرۆزی
مەدینە خەوی لێکەوت، کاتێ بە خەبەر هات وایزانـی
پارەکەی ژوور سەریان بردووە، بۆیە ڕۆیشتە دەرەوە و
لە ڕێگا ڕەسول سیفەت (جەعفەری سـادق)ی بینـی،



Scanned with CamScanner

ڕووی تێکرد و لێی پاڕایەوە و گوتی: براکەم کیسەی پارەکەیان بردووم.

مەولا جەعفەر گوتی: کیسەکەت چی تێدابوو؟

پیاوەکە گوتی: هەزار دیناری تێدابوو.

جەعفەر پیاوەکەی بردەوە، لەماڵەوە هەزار دیناری پێ دا، پیاوەکە گەڕایەوە شوێنی خۆی و بینی کیسەکەی لە شوێنی خۆیەتی، زانی گومانەکەی هەڵەبووە، بە پەلە گەڕایەوە لای حەزرەتی جەعفەر و بەو پەڕی داوای لێبووردنەوە ڕووی تێکرد و پارەکەی بۆ گەڕاندەوە، بەڵام حەزرەتی جەعفەر گوتی: ئەی پیاوی باش تۆ نازانیت ئێمە کاتێ شتێك دەبەخشین هەرگیز وەریناگرینەوە.

پیاوەکە پرسیاری لە خەڵك کرد: ئەرێ ئەمە کێیە؟

گوتیان نایناسیت! ئەوە حەزرەتی جەعفەری سادقی نەوەی فاتیمەی بەتولە.

(الرسالة القشيرية: ٤١٣)(تذكرة الاولياء:٤٥)



مەولانا دەیفەرموو:

زاهید بە ترس و لەرزەوە بە ڕێگادا دەڕوات،
بەڵام عاشقان لە تیشك و هەوا خێراتر.



Scanned with CamScanner



ئەبو یەعقوبی نەهرجۆری دەیفەرموو: سوێند بەخودا ئەوەی بانگەشەی خۆشەویستی حەزرەتی پەروەردگار بکات، هەرگیزاو هەرگیز لە فەرمانەکانی دوو دڵی ناکات و ئەنجامیان دەدات، خۆ گەر وای نەکرد، ئەوە لاف و بانگەشەکەی پوچە و ڕەنج بەخەسارە.

(جامع العلوم و الحكم: ١٣٦)



Scanned with CamScanner



مەولانا دەیفەرموو:

هەمـــووان حەیـــران و ســـەرگەردانی عیشـــقن، چەند سەیرە، ئەو عیشقە سەرگەردانی کێیە؟ هەمـــووان میـــوانین لەم دونیـــایەدا، بەڵام زۆر کەمن ئەوانەی دەزانن کە میوانی کێن!



Scanned with CamScanner



حەزرەتی (بایەزیدی بوستامی) دەیگوت: ئەگەر زاتی پەروەردگار لەبری هەموو خەڵکی من بخاتە ئاگرەوە و بمسوتێنێت، منیش ئارام بگرم لەسەر ئەوە، هێشتا هیچم نەکردوە، ئاخر منی بایەزید ئیدیعای عیشقی حەزرەتی باری دەکەم. ئەگەر گوناهی من و هەموو



Scanned with CamScanner

خەڵکیش ببورێت و لێمان خۆش بێت، هێشتا کارێکی وەها گەورە نییە، ئاخر حەزرەتی یار ڕەحمەت و میهر و دەستکراوەیی سیفەتی هەمیشەییەتی.

(تذکرة الاولیاء)



Scanned with CamScanner



دەگێڕنەوە شێخ(ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم) ڕووی لە بیابان کرد، لەوێ سەربازێك بۆ لای هات و پرسی: ئەرێ ئاوەدانی لە کوێیە؟

ئیبراهیم ڕووی وەرچەرخاند و دەستی بۆ لای گۆڕستان درێژ کرد، سەربازەکە وایزانی گاڵتەی پێ دەکات، بۆیە دەستی بە لێدانی ئیبراهیم کرد و سەری

شکاند، کاتێ پێیان گـوت: ئەوە ئیبراهیمـی ئەدهەمە، پیاوەکە زۆر شەرمەزاربوو هات و داوای لێبوردنی کرد، ئیبراهیم گوتی: براکەم بەخودا کاتێ تۆ لە منـت دەدا، من لە پەروەردگار داوای بەهەشتم بۆت دەکرد.

پیاوەکە سەرسام بوو پرسی: بۆچی؟

ئیبراهیم گـوتی: زانـیم لەسـەر ئەو لێـدانە پاداشـت دەدرێمەوە، بۆیە نەمویست بەشی تۆ بۆ من خێر بێت و، بەشـی منـیش بـۆ تـۆ خـراپە بێـت، بـۆیە داوای بەهەشتم بۆ تۆش کرد.

(الرسالة القشيرية: ٤٣٤)



Scanned with CamScanner



عاریفێـك دەیگـوت: نـاڵە و نـووزەی گوناهبـاران و عاسـییان لەلام زۆر خۆشەویسـتترە، وەك لە ویـرد و تەسبیحاتی زاکیران.

گوتیان: چۆن وا دەڵییت؟

گوتی: لەوانەیە ویرد و زکری زاکیـران تـێکەڵ ببێـت لەگەڵ شانازی و فەخرەوە، ئەوکات توشـی غەزەبـی خودا دەبێت.

بەڵام لەوانەیە ناڵە و نووزەی گوناهباران دڵشکان و نیشانەی هەژاری پێوە دیار بێت، ئەوکاتە ملکەچی دەنوێنێت.

(لطائف المعارف: ٢٤)



Scanned with CamScanner



یەکێ لە پیاوچاکان دەگێڕێتەوە: برایەکی مەیخۆرم هەبوو، هەمیشە سەرزەنشتم دەکرد تا واز بهێنێت، جارێك هاتمەوە و بینیم سەرخۆشە بۆیە دەستم بە لێدانی کرد، دوای چوومە دەرەوە کاتێ گەڕامەوە بینیم لە بەردەرگای ماڵی ئێمە خەڵك جەم بوونە، سەیرم کرد برایەکەم کەوتۆتە ناو حەوزی ئاوەکەمان و خنکاوە، زۆر بۆی بێتاقەت بووم. دوای کفن و دفن،

ئێوارە لە خەودا بینیم لە دەریاکانی بەهەشت مەلە دەکات، گوتم: ئەی برام، تۆ لەدونیا لەنێو دەریایی مەی مەلەت دەکرد، ئەو حاڵە چییە و چۆنە؟

گوتی: براگیان کاتێ لێتدام و ڕۆیشتیت، پارچە پیستێك ناوی (بسم الله الرحمن الرحيم)ی لەسەربوو هەڵمگرتەوە و خستمە گیرفانم، کاتێ منتان ناشت، نەکیر و مونکەر هاتن و پرسیاریان لێ کردم: پەروەردگارت کێیە؟

گوتم: پرسیاری چیم لێ دەکەن، ناوەکەی لەنێو ڕۆح و گیانم هەڵمگرتووە و لە گیرفانمە.

لەوکاتە دەنگێك هات، فەرمووی: بەندەکەم ڕاست دەکات، لەبەر ئەو ڕێزەی لەناوی ئێمەی گرت، ئێمەش لێی خۆش بووین.

(نزهة المجالس: ٣٠)



Scanned with CamScanner



عەممارەی کوڕی زازان دەڵێت: <u>گەشیتمە</u> حەزرەتی (کەهمسی کوڕی حەسەن) ناڕەحەت دیار بوو، گوتم: چی بووە؟

پێی گوتم: ئەبا سەلەمە، چل ساڵە گوناهێکم کردووە، ئەو گوناهە ئارامی لێ بڕیووم.

گوتم: چ گوناهێکە ئاوا بۆی بە پەرۆشی ئەبو عەبدوڵا؟

گوتی: دۆستێك سەردانی کردم و، منیش ماسییەکم بۆ کڕی و خواردی، کاتێ تەواو بوو، هەڵسام هەندێ



Scanned with CamScanner

خۆڵم لە دیواری ماڵە دراوسێکەمان لێکردەوە و بە دۆستەکەم دا بۆ ئەوەی دەستی پێ بشوات، ئەوە چل ساڵە بۆ ئەو پارچە قوڕە دەگریم. نازانم بۆچی بە بێ پرسی خاوەنەکەی هێنام.

گوتم: ئەوەندە خۆڵە خۆ هێندە ناهێنێ!

گوتی: ئەی عەممارە لەوە دەترسم حەزرەتی پەروەردگار ڕووی خۆیم لێ وەرچەرخێنێ و لێم توڕە بێت، ئەگەر حەزرەتی مەولا توڕە بوو چی بکەم!

(صفة الصفوة: ٦٦٤)



Scanned with CamScanner



لە زانای خوداناس حەزرەتی (موجاهید) یـان پرسـی: ئایا کاتێ گەیشتینە هاوڕێکەمان تەنیـا سـەلامی لـێ بکەین، یاخود چی بکەین جگە لە سەلامکردن؟

موجاهید فەرمووی: لە زانایـانی ئەهڵـی دڵـم بیسـت دەیانفەرموو: ئەگەر دوو کەسی خۆشەویست گەیشتن بەیەك و، تەوقەیان لەگەڵ یەکتر کرد و، زەردەخەنە لە



Scanned with CamScanner

ڕووخساریان دەبـاری لە خۆشـی بینینـی یەکتـر، گوناهەکانیان دەوەرێت، وەکو چۆن گەڵای دار پـایزان باوەشی دار جێدەهێڵێت.

(جامع العلوم و الحکم: ٦١٦)



Scanned with CamScanner



زۆربەی جار کاتێ هەینی دەهاتە پێشـەوە، حەزرەتـی (زیـڕاری کـوڕی مـوڕە) و (محمـدی کـوڕی سـوقە) دەچوونە لای یەکتر، کاتێ دەگەیشتنە یەك دادەنیشتن و هێدی هێدی فرمێسکیان دەباراند، پێیان گوتن: بۆ وا دەکەن؟



Scanned with CamScanner

گوتیـان: بـۆ ئەو ڕۆژە دەگـرین، کە کەس بە هانـای کەس ناچێت و، کەس بە هاوارمان نایەت، ئـێمە بـۆ ئەو کاتە دەگرین.

(صفة الصفوة: ٥٦٨)



Scanned with CamScanner



دەگێڕنەوە کۆمەڵە کەسێك سەردانی حەزرەتی (مەولانا جامی)یـان دەکـرد و، لە مەجلیسـەکەی دادەنیشـتن. لەنێویان پیاوێکی بازرگان هەبوو، ئەو پیاوە هەموو دەم کە لە مەجلیسـەکە دادەنیشـت نـوورێکی زۆر جـوان لەسەری بەرز دەبوویەوە. پـاش مـاوەیەك ئەو پیـاوە سەفەری حەجی بۆ ڕێککەوت و سەفەری کـرد. دوای گەڕانەوەی ئەو نوورەی کە هەبـوو نەیمـا. هـاتە لای



Scanned with CamScanner

مەولانا جامی و گوتی: قوربان ئەو نوورەی پێش سەفەری حەج هەمبوو ئێستا نەماوە؟

مەولانا جامی خەندەیەکی کردوو و گوتی: پیاوی باش تۆ پێش ئەوەی بڕۆیت پڕ بوویت لە تەوازوع و خاکەڕایی، بەڵام بەو حەجەی کردت زۆر لە خۆبایی بوویت و وات هەست کرد کە تۆ لە زۆرێك لە خەڵکی باشتریت، بۆیە پەروەردگار تۆی میوانی ماڵەکەی کرد. ئەوە بزانە براکەم ئەو خۆبەزلزانییە تۆی لەو فەیزە ئیلاهییە بێبەش کرد و نوورەکەی لێ سەندیەوە.

لەو کاتە پیاوەکە دەستی بەگریان کرد و تەوبەی کرد.

(حكاية الصوفية: ٢٧)



Scanned with CamScanner



ئیمامی غەزالـی لە وەهەب دەگێـڕتەوە: کـاتی خـۆی پیاوێکی عابید هەبوو ٧٠ ساڵ عیبادەتی پەروەردگاری دەکرد، بە شەو شەونوێژ و بە ڕۆژ بەڕۆژوو بوو. ڕۆژێك داوایەکی لە خودا کرد، بەڵام داواکەی جێبەجێ نەکراو و پەروەردگار قەبوڵی نەکرد. لەوکاتە پیاوەکە ڕووی لە نەفسی خۆی کرد و گوتی: ئەی داماو، ئەگەر خێرێکت هەبـووایە پەروەردگـار قەبـوڵی دەکـرد، دیـارە مـن



Scanned with CamScanner

هەڵەیەکم هەیە، دەستی کرد بە لۆمەکردنی خۆی، لەوکاتە پەروەردگار مەلائیکەتێکی دابەزاند و گوتی: ئەو کاتژمێرەی لۆمەی نەفسی خۆت تیایدا کرد، لە هەموو ئەو عومرەی لە عیبادەتت سەرف کرد چاکتر بوو.

(حکایات الصوفیه: ٢٩)



Scanned with CamScanner




Description

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و  بابەتی جیاواز🤍

Queen city
شاری شاژن
شارێک تایبەت بە کۆمەڵگایەکی جوان

لەلایەن ئاڤان بەهجەت کراوە بە pdf
بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

بۆ ڕاوبۆچون و پسیار بۆ  کتێب مەینێرە↓
@tanyahaji22

ئەکاونت↓
https://linktr.ee/tanyahaji22



عاریفێك لە عاریفان دەگێڕێتەوە، یەكێك لە ئەولیاكـان نیازی زیارەتی مـاڵی خـودای كەوتە سـەر و ویسـتی حەج بكات، منداڵێكی هەراشـی هەبـوو، هـاتە لای و گوتی: بابە دەچیتە كوێ؟

باوكی گوتی: ڕۆلە دەچمە ماڵی خودا.

منداڵەكە وای گومان برد بینینی ماڵی خودا واتا بینینی خودی پەروەردگار، گوتی: بابە منیش دێم، باوكی زۆر

هەوڵی دا بەڵام بێسوود بوو، ناچار لەگەڵ خۆی بردی. کاتێ فەرسەخ فەرسەخ لە مەککە نزیك دەبوونەوە، کوڕە لێدانی دڵی زیادی دەکرد، لەو کاتەی چوونە ناو حەڕەمەوە و بەیتی ماڵی خودای بینی، ڕەنگی گۆڕا و هاوارێکی مەحزونی لێ بەرزبوویەوە و وەفاتی کرد. باوکەکە کە ئەمەی بینی هاواری کرد: ڕۆڵە ئازیزەکەم، پارچەیەك لە جەرگی من بۆ کوێ چوویت!

لەو کاتە لە زاویەیەکی بەیتەوە دەنگێك هات: ئەی ئەولیای بەڕێز تۆ ماڵی خودات دەویست و بەدەستت هێنا، بەڵام منداڵەکەت پەروەردگاری دەویست و ئەویش بەدەستی هێنا.

ئینجا لاوەکەیان بەرزکردەوە، بیبەن بیشۆن و کفنی بکەن، یەکێك لە ئەولیاکان هات و گوتی: ئەو لاوە نە لە قەبر دایە و نە لە زەوی و نە لە جەنەت دایە، بەڵکو لە (فِي مَقْعَدِ صِدْقٍ عِندَ مَلِيكٍ مُّقْتَدِرٍ) دایە.

(حکایا الصوفیة: ٣٩)



Scanned with CamScanner



پرسیاریان لە عاریفی مەزن ( فەتحی موسڵی) کرد لەبارەی ڕاستگۆیی، زەردەخەنەیەکی ناسکی کرد و، دەستی بردە ناو کورەی ئاسن توانەوە، ئاسنێکی دەرهێنا و خستیەوە ناوی، ئینجا ڕووی لە خەڵکەکە کرد و گوتی: ڕاستگۆیی ئەوەیە.

(حکایا الصوفیە: ٤٠)



کاتێ سەفەری (حاتەمی ئەسەم) هاتە پێشەوە، ڕووی کردە ژنەکەی و گوتی: ئافرەت نیازی سەفەرم هەیە، جا کەوابوو چەندت پارە دەوێت تاوەکو بۆت بەجێبهێڵم؟

ئافرەتەکەی گوتی: بە قەدەر ئەو ماوەیەیی کە دەزانیت دەژیم.



Scanned with CamScanner

حاتەم گوتی: ئافرەت جا من لە کوێ دەزانم تۆ تا چەند دەژی!

ئافرەتەکە گوتی: کەوابوو لێگەڕێ بۆ ئەو کەسەی کە دەزانێت تاوەکو چەند دەژیم. بڕۆ ئامانەتی پەروەردگار بیت.

کاتێ حاتەم سەفەری کرد، کۆمەڵێك لە ژنان هاتنە لای خێزانەکەی و لۆمەیان دەکرد لەوەی هیچی لێ داوا نەکرد و، بە بێ هیچ پارەیەك جێیهێشتووە.

ئافرەتەکە بە لەسەرخۆییەوە دەیگوت: حاتەم خۆشی دەیخوارد و دەیخواردەوە، خۆ ڕەزاق نەبوو.

(حكايا الصوفية: ٦٠)



دەگێڕنەوە (ئەبو حەمزەی خۆڕاسانی) گوتویەتی:
ساڵێك لە ساڵەکان بەرەو حەج بەڕێ کەوتم، کاتێ
بەڕێگەدا دەڕۆیشتم کەوتمە ناو بیرێك، نەفسم هێنایە
سەرم کە هاوار بکەم و داوای یارمەتی بکەم. بەڵام
بیرم کەوتەوە کە ئەمە بۆ تەوەکولم خراپە، بۆیە داوام
لە پەروەرگار کرد خۆی یارمەتییم بدات، هێشتا لەو
کێشمەکێشمەبووم لەگەڵ نەفسی خۆم، دوو پیاو

بەسەر بیرەکەدا تێپەڕین، یەکێکیان بەوی دیکەی گوت: با سەیری ناوەوەی ئەو بیرە بکەین، نەوەك کەسێك کەوتبێتە ناوی، بۆیە دەولك و کندڕیان هێنا و، منیش لە خوارەوە چاوەڕیی یارمەتی خودام دەکرد. کاتێ هاواریان کرد، منیش هەناسەم توند ببوو، زانیان کەسێکی تێدایە، بۆیە دەولك و کندڕەکەیان فڕێدایە خوارەوە، منیش لە خوارەوە گرتمەوە و، هێنامیانە دەرەوە.

لەو کاتە دەنگێك لە ناخم هات و گوتی: ئەبا هەمزە ئێمەش تۆمان ڕزگار کرد. بەڕاستی پەروەردگار قودرەتی هەموو شتێکی هەیە.

(حکایا الصوفیة: ٦١)



Scanned with CamScanner



قوتبی ئەعزەم حەزرەتی (سەید ئەحمەدی ڕیفاعی) وەها ترس و بیمی حەق تەعالا لە دڵی دابوو، هەموو دەم وەسیەتی موریدەکانی دەکرد، ئەگەر هەڵەیەکم هەبوو، توخودا پێم بڵێن. هەر کەسێك بهاتبایە لای دەیگوت: ئەرێ فڵان هیچ عەیبێك لە من دا دەبینیت؟ ئەگەر هەڵەیەکم هەیە پێم بڵێ!



Scanned with CamScanner

ڕۆژێك عومەری موریدی لەوێ بوو، شێخ پرسیاری لێ کـرد و گــوتی: عــومەر ئایــا هــیچ هەڵەیەك لە مــن دەبینیت؟ تاوەکو خۆم چاك بکەم!

عومەر گوتی: بەڵێ قوربان هەڵەیەکت هەیە!

گوتی: توخودا پێم بڵێ چییە؟

عومەر گوتی: قوربان هەڵەکەت ئەوەیە ئێمە موریــدی تۆین، بەو هەموو گوناهەوە لەبەردەستی تــۆین، ئــێمە قابیل بەوە نین موریدی تۆ بین. لەوکاتە شێخ دەستی بە گریــان کــرد و گــوتی: ئەی عــومەر خــۆزگە کەشتیەکەی من بێ عەیب دەبوو، بەخـودا هەر کەس بهاتایە هەڵم دەگرت.

(شموس العارفين في تقلب الساجدين: ج٢ ص١٦٥)



Scanned with CamScanner



ڕۆژێك قوتبی زەمان، پیری ئیرشاد حەزرەتی (سەید ئەحمەدی ڕیفاعی) بۆ دەست نوێژ شوشتن هاتە دەرەوە و، ڕووی کردە جێگای دەستنوێژ شوشتن، دەستی کرد بە شۆردنی، دوای تەواو بوونی هاتە دەرەوە و دەستی بەرزکردەوە بۆ دوعا، لەوکاتە مێشوولەیەك ڕۆنیشتە سەر دەستی موبارەکی و، خەریکی ئەوەبوو ڕزقی خۆی لەو خوێنە موبارەکەی

هەڵدەمژی، بۆیە شێخی ڕیفـاعی دەسـتی لانەبـرد و، هیچ خۆی نەجوڵاند تاوەکو مێشوولەکە بە دڵی خـۆی خوێنەکەی خوارد و ڕۆیشت.

دواتر پرسیاریان لێی کرد، بـۆچی وات کـرد؟ گـوتی: ڕۆڵە ئەوە ڕزقـی خـۆی بـوو، هـات و ڕۆیشـت، خـۆ هیچمان لێ کەم نەبوویەوە.

(شموس العارفين في تقلب الساجدين: ج٢/ ص١٦٥)



Scanned with CamScanner



ڕۆژێك سەبەتەیەك خورمایان بۆ (سەید ئەحمەدی ڕیفاعی) هێنا، چەندین ڕۆژ بوو شێخ نانی نەخواردبوو، هێندە لاواز ببوو، هەموو ئێسقانەکانی دیار بوون. تەنیا و تەنیا یەك کراسی لەبەردا بوو. دەستی دایە سەبەتە خورمایەکە و هەرچەند سەیری دەکرد، دەیگوت: ئەحمەد وەڵاهی ئەوە لایەقی تۆ نییە، سوێند بە پەروەردگار تەنیا دونگ و بەزت قابیلە، بەخودا تۆ

هیچت قابیل نییە، تەنیا دونـگ شـایەن بە کەسـێکی وەکو تۆیە، بۆیە خورماکەی دابەش کردوو نەیخوارد.

(شموس العارفين في تقلب الساجدين: ج٢/ ص ١٦٦)



Scanned with CamScanner



پێشـــەوای زاهیـــدان و سەردەســتەی پیـــاوانی تەریقەت(ســەید ئەحــمەدی ڕیفــاعی) هەمــوو دەم دوعــایەکی دەکــرد و دەیگــوت: پەروەردگــارا هــیچ گۆشــتێکی ئەم دونیــایەم لەگەڵ نەیەتە نــاو گــۆڕ و نامەوێت ئاسەواری دونیا بەســەرمدا بمێنێــت کــاتێ دەگەمەوە دیــدارت. ئەوەبــوو لە کۆتــایی تەمەنیــدا تووشی نەخۆشی سکچوون بــوو، بە جۆرێــک شــەو و



Scanned with CamScanner

ڕۆژ زیاتر لە ٣٠ جار ئەو ژانەی دەگرت و وای لێهات گۆشت بە لاشەیەوە نەما، پێش وەفاتکردنی هەرچی گۆشتی لاشەی هەبوو لەبەین چوو.

کاتێ وەفاتی فەرموو تەنیا ئێسك و پێستی مابوویەوە.

(شموس العارفين في تقلب الساجدين: ج٢/ص ١٦٦)



Scanned with CamScanner



مالیکی کوڕی دینار دەڵێت: ڕۆژێك گەیشتمە شێتە مەشهورەکەی بەسرا، گوتم: چۆنیت و حاڵت چۆنە؟

گوتی: ئەی مالیك دەبێ چۆن بم، کاتێ شەو و ڕۆژ تێدەپەڕن منیش دوورتر دەکەومەوە لە خودا، بێ تێشوو و بێ ئازوقە، لە کاتێ دڵنیام دەچمەوە خزمەتی ڕەبولعیباد. پاشان دەستی بە گریانێکی زۆر کرد.

گوتم: بۆچی دەگریت؟



Scanned with CamScanner

گوتی: وەڵاهی لەبەر خۆشی دونیا و ترسانم لە مـردن ناگریم، بەڵکو بـۆ ئەو ڕۆژانە دەگـریم کە لە عـومرم ڕۆشتن و تیایدا عیبادەتی پەروەردگارم نەکرد، بەخودا سەفەرەکەمان درێژە و توێشـوی سەفەریشـمان زۆر کەمە. نازانم بەهەشتیم یان دۆزەخی.

گوتم: ئەی بۆچی خەڵك پێت دەڵێن شێتەکەی بەسرا! کوا تۆ شێتی؟

گوتی: تۆش فریوت خوارد وەکو ئەوان، من چیم داوە لەو دونیایە، خەڵك دونیـایی دەوێـت، کـاتێ کەسـێك وەکو ئەوان دونیایی نەوێت پێی دەڵێن: شـێت. بەڵام من چ باکم بەوانە عیشقی مەولام لە دڵ هەڵگرتـووە، هەر لەحـــزەیەك عیشـــق بە دەمارەکـــانی خـــوێنم دەگوزەرێت. من لە عیشقدا مەسـتم، دەلـێمگەڕێ بـا هەر لەگەڵ ئەو عیشقە بسوتێم.

گوتم: ئەی بۆچی تێکەڵی خەڵك نابیت؟



Scanned with CamScanner

گوتی: خەڵك بەلای خۆیان داچوونە و منیش بەلای خودا، دڵی ئەو خەڵکە بووە بە مارێك و، تاو نا تاوێ ئەگەر ئاگادار نەبی پێت وەدەدا.

(حكايا الصوفية: ٧٩)



Scanned with CamScanner



دەگێڕنەوە عەبدێکی زۆر ساڵح لەلای گەورەکەی کاری دەکرد، ئەو گەورەیە زۆر خراپ و گوناهبار بوو، بەڵام زۆر جار پێیان دەگوت: گوناهباری و ئەو کارە گوناهە کە دەیکەیت!

ئەویش دەیگوت: خودا بەڕەحمە و ئەو بەو گەورەیەیی خۆی، قابیلە من بباتە جەهەننەم.



Scanned with CamScanner

بۆیە عەبدەکەی ویستی وانەیەکی چاکی بداتێ. کاتێك کاتی چاندن هاتە پێشەوە، گەورەکەی گوتی: بڕۆ گەنم بچێنە.

ئەویش هەڵسا لە جیاتی ئەوە جۆی چاند، کاتێ ماوەیەك تێپەڕی و دەست بە دروێنە کرا، گەورەکەی گوتی: ئەی نەزان بۆچی وات کرد؟

عەبدەکە گوتی: قوربان ویستم بزانیت، هەر کەس لەم دونیایە خراپە بکات و، چاوەڕێی ڕەحمی خودا بکات، ئەوا وەکو ئەوە وایەخراپەت چاندوە و دەتەوێ یاری بە خودا بکەیت و بڵێت چاکەم بدەوە!

کاتێ گەورەکە ئەمەی بینی، زۆر پەشیمان بوویەوە و، دەستی کرد بە خوداپەرستییەکی زۆر.

(حکایا الصوفیة: ١٥٣)



Scanned with CamScanner



پیاو چاکێك دەگێـڕێتەوە: جارێکیـان حەزرەتـی شـێخ عەبـدولقادری گەیلانی(مەقـامی بـاڵاتر بێـت) بە کۆڵانێکی بەغدادا دەڕۆیشت، هەندێ قوتـابیی لەگەڵ بـوو، گەیشـتنە لای سەرخۆشـێك، قـاچی بەقەڕاغ ڕێگەکەدا درێژ کردبوو، بەرگی پیس ببـوو، لەحاڵێکـدا بوو بەزەییت پێدابێتەوە.



Scanned with CamScanner

سەرخۆشەکە ڕێگای لێگرتن و گوتی: ئەی عەبدولقادر خودا بەتوانایە(قادر)ە یان نا؟

شێخی گەیلانی بزەیەکی کرد و، گوتی: بێگومان بەتوانایە.

بۆ جاری دووەم، گوتی: بەتوانایە یان نا؟

شێخی گەیلانی بزەیەکی کرد و، گوتی: بەڵێ بێگومان بەتوانایە.

بۆ جاری سێیەم بانگی کرد و، گوتی: ئەرێ عەبدولقادر خودا بەتوانایە یان نا؟

شێخ دەستی بە گریان کرد و یەکسەر چووە سوجدە و گوتی: بەڵێ سوێند بە پەروەردگار، خودای گەورە بەتوانایە، بەتوانایە!

فەرمانی کردە قوتابییەکانی هەڵیبگرن و بیشۆن و ڕێزی لێ بگرن. قوتابییەکانی بەم کارەی سەرسامبوون و پرسییان: قوربان قسەکانی ئەو سەرخۆشە چی واتایەکیان هەبوو؟



Scanned with CamScanner

شێخ فەرمووی: یەکەمجار پرسی: خودای گەورە دەتوانێ لێ خۆش بوو بێت، یان نا؟

منیش گوتم: بەڵێ دەتوانێ.

دووەمجار پرسی: خودای گەورە دەتوانێ من بخاتە جێگا و مەنزڵی تۆ؟

گوتم: بەڵێ دەتوانێت.

سێیەم جار گوتی: ئەی دەتوانێ تۆ بخاتە ئەم جێگە و حاڵەی من؟

منیش لە ترسی خودا دەستم بەگریان کرد و گوتم: بەڵێ دەتوانێ، دەتوانێ، سوجدەم برد و، تکام لەپەروەردگارم کرد ناتەواوییەکاتم بشارێتەوەو بمپارێزێت.



Scanned with CamScanner




Description

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

Queen city
شاری شاژن
شارێک تایبەت بە کۆمەڵگایەکی جوان

لەلایەن ئاڤان بەهجەت کراوە بە pdf
بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

بۆ ڕاوبۆچون و پسیار بۆ کتێب مەینێرە↓
@tanyahaji22

ئەکاونت↓
https://linktr.ee/tanyahaji22

عیرفانی



لە دونیایی مەعنەویدا، عیشق گەورەییەکی ڕەهای لەززەتبەخشە.
تێکەڵبوونە لەگەڵ ڕۆح. پەیوەندی دوو فەزایە. قوڵبوونەوەیی ناخە.
دۆزینەوەی حەقیقەتی ڕەهایە. بەرزبوونەوەی باڵایی خودە.
شەرەفمەندبوونە بە دۆست.
هەوڵدانێکە بۆ گەیشتن بە دڵنیایی. یەکبوونە لەگەڵ پەروەرێنی مەزن،
بۆیە لافی عاشق بوون کەسێک لێیدەدا، ڕێبواری ڕێگای ئەوین بێت،
نەوەک برسییەکی تێرنەبوو!
تەی کردنی ڕێگایە بە ڕەزا و زوهد و هەژاری و ئارامگری و ئەوین، تا دەگاتە دوا مەنزڵی، سەفا.


ناوەندی ڕەها
هەولێر - بازاڕی ڕۆشنبیری - تەنیشت پارێزگا
0750 406 66 71
RAHA / ڕەها
نرخ 5000 دینار
1234567890
بەرگ: دنیبراهیم سەقم